# بنەما هزری و واقیعیەکانی سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی ئێران لە دوای شۆڕشی ئیسلامییەوە

پ.ی.د.واحد عمر محي الدين*                مبارك عزيز حمد**

وشە کلیلییەکان: ئاسایشی نەتەوەیی، ئایدیۆلۆجیست، ولایەتی فەقیهـ شیعە، شۆڕشی ئیسلامی.
https://doi.org/10.31271/jopss.10121

**پوختە**

پرسی سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی بۆ دەوڵەتان وەک سیاسەتێکی باڵای وڵات، بایەخێکی زۆری پێدەدەرێ، ئێرانیش لە دوای شۆڕشی ئیسلامی لە ساڵی (١٩٧٩)وە، بەهایەکی زۆر بە سیا سەتی ئاسایشی_ نەتەوەیی دەدا، بەڵام ئێران وەک کۆمارێکی ئیسلامی لە ناوچەکەدا، کە خاوەن ئایدیۆلۆجیایەکی تایبەت بە خۆیەتی، وایکردووە سیاسەتێکی جیاواز پیادە بکات. بۆیە گەران بە دوای ئەو بنەما هزریانەی، ئەو ئایدیۆلۆجیایەی لە سەر بونیاد نراوە و، تیۆریزەکردنیان بۆ ئەوەی وەک بنەمای واقیعی شیانی پیادەکردنیان هەبێت و، ببن بە بنەمای فەرمانڕانیکردن، دیوە نارِوونەکانی سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی ئێران باشتر نیشان دەدات. ئامانج لەم توێژینەوەیەش، وەڵامدانەوەی پرسیاری سەرەکییە؛ ئایا بنەما هزری و واقیعیەکانی سیا سەتی ئاسایشی_ نەتەوەیی ئێران لە دوای شۆڕشی ئیسلامی لە ساڵی (١٩٧٩)وە چین؟ توێژینەوەکە هەوڵێکە لە ڕێگەی شیکاریکردن و هێنانەوەی نموونە بۆ ئەو بنەما هزری و واقیعیانەی بوون بە بنەمای فەرمانڕانیکردن، بگات بە دەرئەنجامێک لەمەڕ ئاراستەکانی سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی ئێران، لە دوای شۆڕشی ئیسلامی و دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی ئێران.

**ملخص**

**الأسس الفكرية والواقعية لسياسة الأمن القومي الإيراني منذ الثورة الإسلامية**

تحظى مسألة سياسة الأمن القومي بأهمية كبيرة لدى الدول باعتبارها سياسة عليا للبلاد، وقد أعطت إيران أهمية كبيرة لسياسة الأمن القومي منذ الثورة الإسلامية عام (١٩٧٩)، إلا أن إيران

* پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە بەشی زانستە ڕامیارییەکان - زانکۆی سلێمانی wahid.muheddin@univsul.edu.iq
** مامۆستای یاریدەدەر لە بەشی زانستە ڕامیارییەکان - زانکۆی سلێمانی mubarak.hamad@univsul.edu.iq

كجمهورية إسلامية في المنطقة لديها أيديولوجيتها الخاصة و أدى ذلك إلى انتهاج سياسة مختلفة. ولذلك فإن البحث عن المبادئ الفكرية التي تقوم عليها الأيديولوجية وتنظيرها بحيث يمكن تنفيذها كمقومات واقعية وتصبح أساس الحكم يظهر بشكل أفضل الجوانب الغامضة في سياسة الأمن القومي الإيراني. الهدف من هذه الدراسة هو الإجابة على السؤال الرئيسي؛ ما هي المبادئ الفكرية والواقعية لسياسة الأمن القومي الإيراني منذ الثورة الإسلامية عام (١٩٧٩)؟ تحاول الدراسة الوصول إلى استنتاج حول اتجاهات سياسة الأمن القومي الإيراني بعد الثورة الإسلامية وقيام الجمهورية الإسلامية الإيرانية من خلال التحليل وإعطاء أمثلة على المبادئ الفكرية والواقعية التي أصبحت أساس الحكم.

**Abstract**

**Intellectual and Realistic Principles of Iran's National Security Policy since the Islamic Revolution**

Abstract: The issue of national security policy is given great importance to states as a high policy of the country. Iran has given great importance to national security policy since the Islamic Revolution in 1979. However, Iran as an Islamic republic in the region has its own ideology. It has led to a different policy. Therefore, the search for the intellectual principles on which the ideology is based and theorizing them so that they can be implemented as real principles and become the basis of governance better shows the vague aspects of Iran's national security policy. The aim of this study is to answer the main question; What are the intellectual and realistic principles of Iran's national security policy since the 1979 Islamic Revolution? The study attempts to reach a conclusion about the directions of Iran's national security policy after the Islamic Revolution and the establishment of the Islamic Republic of Iran by analyzing and giving examples of the intellectual and realistic principles that became the basis of governance.

## بەرایی

گرنترین ڕۆڵی سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی دە ستەبەرکردنی ئارامی و سەقامگیری کۆمەڵگەیە، بۆیە وەک پێداویستییەکی بنەڕەتی بەردەوامی ژیانی تاک و کۆمەڵ سەیردەکرێ؛ کاریگەری بایەخپێدانی ئەم بنەڕەتەش لە بنەما هزری و اقیعیەکانی وڵاتاندا دریژدەبنەوە و، لە ئەرک و دەسەڵاتەکانی دامەزراوە دە ستورییەکانی دەوڵەت ڕەنگی داوەتەوە. لەو سیستمە سیا سیانەی کە خاوەن ئایدیۆلۆجیایەکی گشتگیرن، ئەو بنەما هزریانە زیاتر دەردەکەون؛ کۆماری ئیسلامی ئێرانیش، کە فەلسەفەی سیستمە سیاسییەکەی تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئەوا هەوڵی ئەو توێژینەوەیە ئەوەیە لەو بنەما هزری و واقیعیانە بکۆڵێتەوە، کە بوون بە بنەمای کارنامەی سیا سەتی ئاسایشە نەتەوەییەکەی لە دوای ساڵی (١٩٧٩)وە. بەتایبەت لەو بیرۆکانە بکۆڵێتەوە کە لە هزری سیا سی (**ئایەتوڵڵا خومەینی**)یەوە سەرچاوەیان گرتووە و، بوون بە بنەمای حوکمڕانیکردن و کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیان بەسەر سیاسەتی گشتییەوە هەیە.

### کێشەی توێژینەوە

کێشەی توێژینەوەکە لە تایبەتمەندی هەڵکەوتەی جیۆپۆلیتیکی ئێران و بنەما هزری و واقیعیەکانی وڵاتەکەوە سەرچاوە دەگرێت، کە خوازیاری پێکهێنانی دەوڵەتێکی ڕابەر و زلهێزی ناوچەییە، ئەمەش هەمیشە ئەگەری ململانێ و بەریەککەوتنی هەرێمی و نێودەوڵەتی هەیە. پرسیاری سەرەکی ئەمەیە؛ بنەما هزریی و واقیعییەکانی سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی ئێران لە دوای شۆڕشی ئیسلامییەوە چین؟ ئەمە و چەند پرسیارێکی تەواوکاری وەک مەبەست لە چەمکی ئاسایش و سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی چییە؟ گرنگی و بایەخی ئاسایشی- نەتەوەیی لە سیا سەتی دەوڵەتاندا چییە و، بە چ ڕێگەیەک هەوڵی هێنانەدی دەدرێت؟ سیا سەتی ئاسایشی- نەتەوەیی ئێران بە کامە دەقی دەستوری ڕێکخراوە و، کام دامەزراوەی فەرمی بەرپرسە لە دارشتن و جێبەجێکردنی و، پێگە و دەسەڵاتەکانی ڕابەری باڵا لەوبارەیەوە چییە؟

### گریمانەی توێژینەوە

گریمانەی سەرەکی توێژینەوەکە بریتییە لەوەی: بنەما هزری و واقیعییەکانی فەلسەفەی فەرمانڕانی کۆماری ئیسلامی ئێران و پێگە جیۆپۆلەتیکییەکەی، کاریگەریی ناوەندی و زیندویان بەسەر سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی ئێرانەوە هەیە، ئەم کاریگەریەش بە دوو ئارا ستەی جیا ڕەنگی داوەتەوە و، هاتونەتە ناو دامەزراوە دە ستورییەکانیش، لەنێویشیاندا پۆ ستی ڕابەری باڵا، کە لە سیستمی سیاسی ئێراندا بەپێی تیۆری ولایەتی ڕەهای فەقیهـ گوزارشت لە وەلی فەقیە دەکات، هەژموونی بەسەر سەرجەم دامەزراوەکانی پەیوەست بە سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەییەوە هەیە.

### ئامانجی توێژینەوە

ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە بریتییە لە ئاشنابوون بە بنەما هزری و واقیعییەکانی سیا سەتی ئاسایشی نەتەوەیی ئێران لە دوای ساڵی (١٩٧٩)وە، هەروەها دیاریکردنی ئەو دامەزراوانەی بەشداران لە داڕشتن و جێبەجێکردنی ستراتیج و سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی ئێران و پێگە و ڕۆڵی ڕابەری باڵا لەو بارەیەوە.

**گرنگی توێژینەوە**

گرنگی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، ئێران دەوڵەتێکە پێگەیەکی گرنگی لە ناوچەکەدا بە گشتی هەیە، بۆیە هەر لێکۆڵینەوەیەک بۆ ئاشنابوون بە بنەما هزری و واقیعییەکانی سیا سەتی ئاسایشی نەتەوەیی ئێران و، دامەزراوەکانی تایبەت پێیان، بەشداری لە دەوڵەمەندکردنی ئەدەبیاتی توێژینەوە لەبارەی ئێران دەکات.

**میتۆدی توێژینەوە**

لەم توێژینەوەیەدا پشت بە: میتۆدی مێژوویی وە سفی بە ستراوە، ئەویش لە سۆنگەی شیکردنەوەی سەرهەڵدان و بەرەوپێشچوونی چەمکی ئا سایش، ئاسایشی۔ نەتەوەیی، ئارا ستەکانی سیاسەتی ئاساییشی نەتەوەیی ئێران، میتۆدی سیستمی، بۆ تێگەیشتن لە ئەرک و ڕۆڵی دامەزراوەکانی پەیوەست بەو بوارە. هەروەها میتۆدی دامەزراوەیی - یاساییش بەکارهاتووە.

**پەیکەربەندی توێژینەوە**

توێژینەوەکە لە پێشەکی، دوو باس و دەرئەنجام پێکهاتووە؛ باسی یەکەم، تەرخانە بۆ چوارچێوەی چەمکی سیاسەتی ئاسایشی۔ نەتەوەیی، تەوەری یەکەم، تایبەتە بە چەمکی ئا سایش و ئاسایشی۔ نەتەوەیی، تەوەری دووەمیش بەندە بە چەمکی سیا سەتی ئاسایشی۔ نەتەوەیی. باسی دووەمیش، تایبەتە بە ئاراستەکانی سیا سەتی ئاسایشی۔ نەتەوەیی ئێران لە ڕوانگەی بنەما هزری و واقیعییەکانەوە، کە لە تەوەری یەکەم ئارا ستەی ئایدیۆلۆجیست و ڕۆڵی لە دارشتن و پیادەکردنی سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی ئێراندا نیشاندراوە، لە تەوەری دووەمیشدا، ئارا ستەی پراگماتیست و کاریگەری لەسەر سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی ئێران شیکراوەتەوە.

## باسی یەکەم:

## چوارچێوەی چەمکی سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی

ئەم باسە لە دوو تەوەر پێکدێت؛ تێیدا چییەتی چەمکەکانی ئا سایش، ئاسایشی نەتەوەیی و سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی شیکراوەنەتەوە.

### تەوەری یەکەم: چەمکی ئاسایش

ئەم تەوەرە دابەش دەکەین بۆ دوو لق، کە تێیاندا لایەنی زمانەوانی و زاراوەیی چەمکی ئا سایش دەناسێنین.

#### لقی یەکەم: چەمکی ئاسایش لەڕووی زمانەوانییەوە

وشەی ئاسایش لە زمانی عەرەبیدا، بە واتای پێچەوانەی ترس هاتووە کە بریتییە لە دۆخێکی ئارام، بۆیە کاتێک دەوترێت دڵنیایە، واتە نەترساوە، ئەمەش بە واتای ئا سایش دێت[١]. لە زمانی ئینگلیزیدا، وشەی ئا سایش بە واتای "ڕزگاربوون لە ترس و سەلامەتی دێت، هەروەها بە واتای ڕزگاربوون لە نائارامی، دوودڵی، هەستکردن بە متمانە و دڵنیاییش دێت"[٢]. لە زمانی فەرەنسیشدا وشەی ئاسایش بە واتای نەبوونی هەر مەترسیەکی ڕاستینە دێت[٣].

لە قورئانی پیرۆزیشدا، لە چەندین سورەتدا وشەی ئاسایش هاتووە، بۆ نموونە: خودا لە سورەتی قورەیشدا دەفەرموێت: {**الَّذِي أَطْعَمَهُم مِّن جُوعٍ وَآمَنَهُم مِّنْ خَوْفٍ**}[٤]. کە بە مانای پاراستن لە ترس و برسێتی دێت. لە سورەتی بەقەرەشدا دەفەرموێت: {**وَإِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ رَبِّ اجْعَلْ هَٰذَا بَلَدًا آمِنًا وَارْزُقْ أَهْلَهُ**}[٥]. واتە ئیبراهیم لە خودا پارایەوە، خودایە دەوروبەری ئەم ماڵەت بگێڕە بە شارێکی پڕ لە ئاسایش و ڕزق و ڕۆزی ببەخشە بە دانیشتوانەکەی. هەروەک خودا لە سورەتی نیسادا دەفەرموێت: {**وَإِذَا جَاءَهُمْ أَمْرٌ مِّنَ الْأَمْنِ أَوِ الْخَوْفِ أَذَاعُوا بِهِ**}[٦]. ئەمەش واتای ئەوەیە هەر کاتێک هەواڵێکتان پێدەگات لە بارەی ئاسایش و هێمنی، یان ترس و بیم بڵاوی دەکەنەوە. بەم پێیەش چەمکەکە "مۆرک و خەسڵەتێکی نهێنی لە خۆدەگرێت" ئەمەش مانای وایە ئاسایش پێویستی بە ڕێوشوێنی دیاریکراو و نەخشە بۆدانراو هەیە.

بە گشتی چەمکی زمانەوانی ئاسایش پێناسە دەکرێت بە، ئۆقرەگرتنی دەروونی، نەمانی ترس، وشە

---

[١] ابراهيم مصطفى وآخرون، المعجم الوسيط، الجزء الأول والثاني، مجمع اللغة العربية، دار الدعوة، استانبول، ١٩٨٩، ص١٥١.

[2] Merriam Webster's, Collegiate Dictionary, American Webster's incorporated, New York, 2003, p1123.

[٣] نقلا عن: سهاد عبد الحسين الحسيناوي، الوعي السياسي وأثره في الأمن الوطني العراقي بعد العام ٢٠٠٣، الرافدين، بيروت، ٢٠١٩، ص٣٣.

[٤] سورة قريش، الآية: ٤.

[٥] سورة البقرة، الآية: ١٢٦.

[٦] سورة النساء، الآية: ٨٣.

بنەڕەتیەکانیشی (**دڵنیایی، پاکی، بێ مەترسی و سەلامەتی**) سەرچاوەی بەکارهێنانن لە زمانەوانیدا بۆ ناولێنان لە دۆخێک کە مرۆڤ تێیدا لە ئاسایشدا بێت[١]. کەواتە چەمکی ئا سایش لە واتای زمانەوانیدا، واتای نەبوونی ترس، دڵنیایی، ئارامی دەروون، دوور لە هەر هەڕەشە و مەتر سییەک لەسەر ژیان و جەستەی مرۆڤ دەبەخشێت.

**لقی دووەم: چەمکی ئاسایش لە ڕووی زاراوەییەوە**

چەمکی ئا سایش بە ئەندازەی ژیانی مرۆڤ کۆنە، لەگەڵ بوونیدا، بەردەوام یەکەم خەم و دڵەڕاوکێی پاراستنی مانەوە و بوونی بووە، بۆیە لە ڕووی مێژووییەوە؛ چەمکی ئا سایش لە چوار قۆناغدا دەردەکەوێت، لەسەر ئەو بنەمایە: پێناسەی ئاسایش بۆ کۆمەڵگەیەکی کۆن، بریتی بووە لە پاراستن و مانەوەی بوون، لە کاتێکدا پێناسەی ئا سایش بۆ کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو پەیوە ستە بە نەبوونی هەڕەشە، بەڵام پێناسەی ئاسایش بۆ کۆمەڵگەی مۆدێرن لە بەدەستهێنانی دەسەڵات و توانادا خۆی بینیوەتەوە، لەکاتێکدا پێنا سەی ئا سایش لە کۆمەڵگەیەکی زۆر پێشکەوتوودا، گرێدراوە بە هاوتەریبی و هاوکاری[٢].

لە پێناسە زاراوەییەکاندا وادەردەکەوێت، ئاسایش بریتیە لە: هە ستکردنی مرۆڤ بە دڵنیایی و هەبوونی ئامرازی بەردەست بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکان، بەڵام ڕایەکی تر پێیوایە ئا سایش دۆخێکە، نەک هەستکردن، بەڵکو هە ستکرن ڕەنگدانەوەی ئەو دۆخەیە[٣]. گەشەپێدانی ئارودۆخ و دەستەبەرکردنی داهاتوو بەستراون بە هەندێ پەیوەندی و تەواوکاری بۆ ئەوەی مرۆڤ دەیەوێت بە خۆشی بژیت، دڵنیایی هەبێت لە دۆخێکی سەقامگیر و ئاشتیدا[٤]. پێویستی مرۆڤ بۆ ئا سایش پاڵنەری سەرەکییە کە تێکۆشێ بۆ دۆزینەوەی سوود و زیانەکانی و پێداویستییە غەریزییەکانی لەو ژینگە ماددییە یان کۆمەڵایەتییەی لە دەوروبەری دایە[٥]. جیاوازی ئەم ڕایانەش وامانلێدەکات چەند پێناسەیەک بۆ ئەم چەمکە وەربگرین:

ئا سایش پێداویستییەکە لە پێداویستییە بنەڕەتیەکانی ژیان، کە خوا ستێکی پێویستی مرۆڤ، گیانلەبەر و ڕووەکە[٦]. دەکرێت ئەم پێنا سەیە وا لێکبدرێتەوە، کە ئا سایش چەمکێکی گشتگیر و کشاوە، بە تەنها مرۆڤ یان لایەنێک ناگرێتەوە، بەڵکو هەر گیانلەبەرێک یان ڕووەکێک مەترسی لەناوچوونی لەسەر بێت، پێویستی بە ژینگەیەکی لەبار هەیە.

---

(١) د. عادل عبد الهمزة ثجيل، الأمن القومي والامن الإنساني دراسة المفاهيم، مركز الدراسات الإستراتيجية والدولية، مجلة العلوم السياسية- جامعة بغداد، بلا سنة، ص٣٢٦.

(٢) ڕەزا خەلیلی و حامد میهرەبان ئینچەبرون، سیاسەتی شوناس: پەروەردە و فێرکردن و ئاسایشی نەتەوەیی لە ئێران، لە گۆڤاری وەرزنامەی ئێراننا سی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، ژمارە (٤)ی تەموزی ٢٠٢٢، ل ل٦١-٦٢.

(٣) سهاد عبد الحسين الحسيناوي، مصدر سبق ذكره، ص٣٣.

(٤) د. عادل عبد الهمزة ثجيل، مصدر سبق ذكره، ص٣٢٧.

(٥) د.عمر أحمد قدور، ئاسایشی نەتەوەیی و ئاسایشدەوڵەت، و: ئازاد گراوی، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر، ٢٠٠٩، ل١٠.

(٦) د.محمد ياسر الأيوبي، النظرية العامة للأمن نحو علم إجتماعي أمنـي، المؤسسة الحديثة للكتاب، طرابلس، ٢٠٠٨، ص١٠٤.

(**كوینسی رایت - Quincy Wright**) پێیوایە "ئاسایش واتای ڕزگاربوون لە ترس دەگەیەنێت"[١].

هەرچی (**ڕۆبێرت مکنمارا- Robert McNamara**)ی وەزیری دەرەوەی پێشووی ئەمریکا و بیریاری بواری ستراتیجییە، لە کتێبەکەیدا (**کرۆکی ئاسایش**)، دەنووسێت: "بەبێ پەرەپێدان، ئا سایش نییە"[٢].

ئەمەش مانای وایە چەمکی ئاسایش، چەمکێکی ڕێژەییە، مادام خەسڵەتی گەشە بە سەریدا زاڵە، ئەوا دەکرێت برەوی پێبدرێت.

لەژێر ڕۆشنایی ئەم پێناسانەدا، دەکرێت بڵێین: ئاسایش بریتیە لە دۆخێکی بەدەستهاتووی دوور لە ترس، کە تێیدا مرۆڤ هە ست بەدڵنیایی و ئۆقرەیی دەروونی بکات، لەمیانەی سەقامگیری و گەشەی پێداویستییە بنەڕەتییەکانی ژیان و گەرەنتی داهاتووی کۆمەڵگەدا.

## تەوەری دووەم: چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی و سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی

لەم تەوەرەدا، بە جیا لە دوو لقدا، باس لە هەر یەک لە چەمکەکانی ئاسایشی نەتەوەیی و سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی دەکەین.

### لقی یەکەم: چەمکی ئاسایشی نەتەویی

بە پێچەوانەی ئاسایش، نەتەوە چەمکێکی نوێیە کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ دەوڵەتدا هەیە، ئەو پەیوەندییەش مێژووەکەی هاوتەریبە لەگەڵ ناسیۆنالیزمی نوێ و پەیوەستە بە گۆڕانکاری هەزری، سیا سی و کۆمەڵایەتی ئەوروپا، بەتایبەت لەدوای سەدەی نۆزدەهەم[٣]. بە دیاریکراوی زاراوەی "ئاسایشی_ نەتەوەیی" لەدوای ڕاگەیاندنی ئاشتبوونەوەی ویستیڤالیا لە ساڵی (١٦٤٨ز) دەرکەوت، بەڵام واتا و مەدلولی چەمکەکە لە چوارچێوەی بەرژەوەندی نەتەوەیی سوڕاوەتەوە[٤]. تێکەڵکردنی چەمکی کۆنی ئا سایش لەگەڵ چەمکی نوێی نەتەوە، مشتومڕی هەزری زۆری وروژاندووە، بە جۆرێک هەندێک باوەڕیان وایە چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی نەک هەر دەگمەنە، بەڵکو وێرانکەریشە، چونکە وڵاتان بەو پا ساوە لەگەڵ یەکدا دەجەنگن، یان لەناوخۆدا نەیارەکان سەرکوت دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا بەدواداچوونی ئاسایشی نەتەوەیی لە بواری سیا سەتی دەوڵەتان، بەو پێیەی نەتەوە لەسەر زەوییەکی دیاریکراو و لەژێر چاودێری دەوڵەتێکی تایبەتدا دەژی، ناکرێت پشتگوێ بخرێت[٥]. بەڕوونی واتای ڕا ستینەی چەمکەکە لە بەرژەوەندی نەتەوەیی، ئاسایشی_ نەتەوەیی، پاشان بەرگری لە سەروەری دەوڵەت بەرجە ستە دەکەن، بەوەی پتەوکردنی سنوور، پێویستی بە هەبوونی ڕەگەزی هێزە. بۆیە تا سەردەمێکی نزیک سنوور و زیانگەیاندن بە بەرژەوەندی

(١) د. عمر أحمد قدور، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠.

(٢) روبرت ماكنمارا، جوهر الأمن ،ت: يونس شاهين، الهيئة المصرية العامة للتأليف والنشر، القاهرة، ١٩٧٠، ص١٢٥.

(٣) ڕەزا خەلیلی و حامد میهرەبان ئینچەبرون، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٢.

(٤) محمد ذيب منصور، مفهوم الأمن القومي في ظل العولمة، رسالة ماجستير منشور بpdf، كلية الدراسات العليا، جامة بيرزيت، فلسطين، ٢٠١١، ص٦٣.

(٥) ڕەزا خەلیلی و حامد میهرەبان ئینچەبرون، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٢-٦٣.

هۆکار بوون بۆ زۆربەی ئەو شەڕانەی لەنێوان دەوڵەت - نەتەوەکان ڕوویانداوە[١].

چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی بۆ یەکەم جار لە سیا سەتی دەرەوەی ئەمریکا بەکارهێنرا، کاتێک سەرۆکی پێشووی ئەمریکا (**هاری ترومان- Harry S. Truman**)، یاسای ئاسایشی نەتەوەیی لە ساڵی (١٩٤٧) دەرکرد و دامەزراوەی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکی پێکهات، کە خۆی دەبینێتەوە لە وەزارەتی بەرگری، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی و بریکاری هەواڵگری ناوەندی (CIA). ئەگەرچی ئەم یاسایە چەمکێکی دیاریکراوی بۆ ئاسایشی نەتەوەیی پێشکەش نەکرد، بەڵکو کۆمەڵێک گوزارشتی ناڕوونی بەکارهێنا، وەک بەرەنگاربوونەوەی ئەو هەڕەشە ناوخۆیی و دەرەکییانەی هەڕەشە لە بەرژەوەندی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکەن[٢]، بەڵام ئەمە بووە سەرەتایەک کە ئاسایشی- نەتەوەیی دەوڵەت لەسەروو هەموو شتێکەوەیە[٣].

بە تێپەڕبوونی کات، ئەو پێشکەوتنە زۆر و خێرایانەی جیهان لە سایەی تەکنەلۆجیا بەخۆیەوە بینیوە، ئاسایشی نەتەوەیی چوارچێوەیەکی تەواوکاری و هاوکاری نێودەوڵەتی وەرگرتووە، بەهۆی دەرکەوتنی دامەزراوە و کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانیش کارەکتەری نوێ لەسەر شانۆی نێودەوڵەتی هاتنە ئاراوە، ئەمەش بووە هۆی دەرکەوتنی ئاڕا ستەی لیبراڵی، کە خوێندنەوەیەکی جیاوازیان هەیە بۆ ئاسایشی نەتەوەیی، بەجۆرێک زیاتر جەخت لەسەر بوارەکانی دیکەی ئاسایشی نەتەوەیی دەکەنەوە، نەک تەنها سەربازی کە زیاتر ریاڵیزمەکان جەختیان لە سەر دەکردەوە. بەم پێیەش لێکۆڵینەوەکان هەنگاو بە هەنگاو لە ئاسایشی- نەتەوەیی بەرەوە ئاسایشی- نێودەوڵەتی گەشەیانکرد، بەڵام بەهۆی بەردەوامی زاڵبوونی سەروەری سیستمی ویستیڤالیا کە تێیدا دەوڵەت ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت، هەربۆیە ئاسایشی نەتەوەیی بە ئاسانی و تەواوەتی سنوورە کلاسیکییەکەی خۆی نەبەزاندووە[٤]. بە کورتی لە دوای ویستیڤالیا تاوەکو سەرەتاکانی سەدەی نۆزدە (**سیاسەتی بالانسی هێز**) بوو بە بنەمای بنەڕەتی و گرنگ بۆ پارا ستنی ئاسایشی- نەتەوەیی نێوان وڵاتان، پاشان بۆ کۆتایهێنان بە فراوانخوازییەکانی ناپلیۆن و گێڕانەوەی ئاسایش و سەقامگیری بۆ ئەوروپا کۆنگرەی ڤییەنا بە سترا. لێرەوە تا جەنگی یەکەمی جیهانی شێوەی (**ڕژێمی هاوسەنگی هێز**) بەدرەکەوت، ئامرازی سەرەکیش بۆ پاراستنی ئەو هاوسەنگییە بریتی بوو لە هاوپەیمانی و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی. لە مەودای نێوان هەردوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانیش دەوڵەتان بەپێی (**سیستمی ئاسایشی- بەکۆمەڵ**) کاریان کردووە[٥]. لە دوای کۆتایهاتنی جەنگی دووەمی جیهانی و دەرکەوتنی جەنگی سارد لەنێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت تا ساڵی (١٩٩١)، سیستمی

---

[١] سهاد عبد الحسين الحسيناوي، مصدر سبق ذكره، ص٣٥.

[٢] د. فوزي حسن الزبيدي، منهجية تقييم مخاطر الأمن القومي دراسة تحليلية لمنهجية تقييم مخاطر الأمن القومي، المدير الإداري لمركز المنظار للتدريب والدراسات الإستراتيجية، دبي، بلا سنة، ص١٣.

[٣] محمد ذيب منصور، مصدر سبق ذكره، ص٤٦.

[٤] سليمان عبدالله الحربى، مفهوم الامن: مستوياته و صيغه تهديداته (دراسة نظرية في المفاهيم والأطر)، المجلة العربية للعلوم السياسية، مركز دراسات الوحدة العربية، ع(١٩)، بيروت، ٢٠٠٨، ص١١.

[٥] د. إسماعيل صبري مقلد، العلاقات السياسة الدولية: النظرية والواقع، المكتبة الأكاديمية شركة مساهمة مصرية، مصر- قاهرة، ٢٠١١، ص ص٥٤-٥٥.

جیهانی لە فرە جەمسەرەییەوە گۆڕا بۆ دوو جەمسەری، ئیدی (ململانێی مەزهەبی، گرژی سیا سی، هەڕەشەی دبلۆما سی، جەنگی دەروونی، فشاری ئابوری، پێشبڕکێی خۆپڕچەککردن، ململانێی ناوچەیی و هەڕەشەی بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی) بوونە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی. پاش هەرەسی یەکێتی سۆڤیەت و ڕاگەیاندنی سیستمی نوێی جیهانی لەلایەن ئەمریکا لە ساڵی (١٩٩٢) بەشداری و هاوکاری وڵاتان پێکەوە بۆ بەدیهێنانی ئاشتی، ئارامی و سەقامگیری، پشتبە ستنی ئاڵۆگۆڕکراو و پاراستنی بەرژەوەندی هاوبەش بوونە سیماکانی ئاسایشی نەتەوەیی[١].

کەواتە چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی گوزارەیەکی سیاسی گۆڕاوە و، بەر گۆڕانکاریە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان دەکەوێت، هەر ئەمەش وایکردووە بە تێپەڕبوونی کات، لە سەر ئا ستی دەوڵەت و نێودەوڵەتی، سیاسەتی جۆراوجۆری بۆ بگیرێتەبەر، بۆیە دەبینین پێنا سەکانیش بۆ ئەو چەمکە فرە ڕەهەندن.

بەپێی پێناسە کلاسیکییەکەی، ئاسایشی نەتەوەیی، واتا توانای وڵات لە نەهێشتنی هەڕەشەی دەرەکی دژی ژیانی سیاسی یان بەرژەوەندی خۆیی[٢]. لەم پێنا سەدا واتای ئا سایش تایبەتکراوە بەتوانای سەربازی وڵات لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەی دەرەکی.

نوو سەر و لێکۆڵەری ئەمریکی (**وەڵتەر لیپمەن- Walter Lippmann**) دەڵێت: "کاتێک نەتەوەیەک خاوەنی ئاسایشە، لە کاتی ئاشتیدا بتوانێ بەها بنەڕەتییەکانی خۆی بپارێزێ و لە کاتی شەڕیشدا بتوانێ بەرەوپێشیان ببات"[٣]. ئەم پێنا سەیە، ڕەهەندی فراوانتری لە شیکردنەوەی کلا سیکییەکەی لەخۆگرتووە، بەها بنەڕەتییەکانی نەتەوە تەنها توانای سەربازی وڵات، ڕژێم و بەرژەوەندییەکانی ناگرێتەوە، بەڵکو چوارچێوەیەکی گشتگیرتر پێک دێنێت لە بەها ئابووری، کۆمەڵایەتی، کەلتوری و سروشتییەکان لە کاتی ئاشتیشدا.

(**جورج لنکولن- George Lincoln**)یش پێیوایە "ئاسایشی نەتەوەیی چەمکێکی ڕێژەییە، بەوەی دەوڵەت تواناکانی خۆی لەسەر شەڕکردن و بەرگریکردن دژ بە دە ستدرێژی یان هەڕەشەی دەرەکی بونیاد بنێ، واتە دەوڵەت توانای ماددی و مرۆیی ئەوەندە بێت گەلەکەی هە ست بە ڕزگاربوون لە ترس بکات"[٤]. دەکرێت ئەم پێناسەیە وا لێکبدرێتەوە، تا توانا ماددی و مرۆییەکانی دەوڵەت زیاتر بێت، هاوڵاتیانی زۆرتر هەست بە بوونی ئاسایش دەکەن.

(**باری بوزان- Barry Buzan**) دەڵێت: "کارکردن لە سەر ڕزگاربوون لە هەڕەشەکان لە چوارچێوەی سیستمی نێودەوڵەتیدا، بریتییە لە توانای دەوڵەت و کۆمەڵگە لە پارا ستنی داهاتووی قەوارە و یەکگرتوویی وڵات دژ بە گۆڕانی هێز لەهەمبەر ئەو بەرهەڵستیانەی لە تێکۆشان بۆ

---

[١] المصدر نفسه، ص ص٥٨، ٦٥-٦٧.

[٢] د. جلیل ڕەوشەندل، ئاسایشی نەتەوەیی و سیستمی نێونەتەوەیی، و: مێهدی مێهرپەرور، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٠، ل١٨.

[٣] وەرگیراوە لە: هەمان سەرچاوە و لاپەڕە.

[٤] نقلاً عن: د. ناظم عبدالواحد الجاسور، موسوعة المصطلحات السياسية والفلسفية والدولية، ط٢، دار النهضة العربية، بيروت- لبنان، ٢٠١١، ص١٢٥.

دەستەبەری ئاسایش ڕووبەڕووی دەبێتەوە[١].

لەکاتێکدا (**جۆن سبانیر- John Spanir**) ڕەهەندێکی فراوانتر بە پێنا سەی ئاسایشی- نەتەوەیی دەدات و دەڵێت: "ئاسایشی نەتەوەیی واتا مانەوەی ئۆرگانی، پارا ستنی یەکێتی هەرێمی دەوڵەت و سەربەخۆییە سیاسیەکەی، ئەمەش واتا پاراستنی سیستمی سیاسی، ئابووری و ڕێگای بەرەوپێشبردنی ژیان لە دەوڵەتدا"[٢].

کەواتە ئاسایشی نەتەوەیی توانا جۆراوجۆرەکانی دەوڵەتە لە پێشگرتن بە هەڕەشە دەرەکی و ناوەکییەکان لە سەر قەوارەی دەوڵەت، یەکێتی خاک و گیانی دانیشتوانەکەی لە پێناو مانەوە و گەشەکردنیدا.

**لقی دووەم: چەمکی سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی**

گۆڕانکارییەکانی دوای جەنگی سارد پێنا سەیەکی تریان لە لایەنی تیۆری و واقیعی بە بواری خوێندنەوەی ئاسایش بەخشی، ئەویش بەهۆی گۆڕانی بونیادی سیستمی نێودەوڵەتی و دەرکەوتنی یەکەی نوێ لە ژینگەی نێودەوڵەتیدا، بەتایبەت لەسەر ئاستی هەڕەشەکان، کە پێشتر بەند بوون بە مەترسیە سەربازییەکان. مەترسیە نوێیەکان دەوڵەتی هێنایە ژێر باری ئەوەی لە سەر بنەمای دانانی هەموو شیانێک مامەڵ بکات، واتا دانانی سیاسەت و ئاراستەکردنی لەهەمبەر هەڕەشە نوێیەکانی سەر ئاسایش، ئەم سیاسەت و ئاراستەکردنەش بە سیاسەتی ئاسایش پێناسە دەکرێت[٣].

قسەکردن لەبارەی سیاسەتی ئاسایش بە واتای ئەوە نییە، بنچینەی ئەم سیاسەتە تەنها بەندە بە بواری سەربازی لە چوارچێوەی ستراتیجی "هێرش و بەرگریدا" کە دەوڵەت لە پارا ستنی سنوور و سەرووەرییەکەیدا پشتی پێدەبە ستێ، بەڵکو سیا سەتی ئا سایش چەمکێکی فراوانە و هەوڵی بەرجە ستەکردنی دەرفەتێکی فراوان دەدات بۆ ئەوەی بگات بە سەقامگیری و ئاسایشی- تەواو و بەردەوام[٤].

هۆکارگەلێکی وەک جیاوازی ڕوانگەی وڵاتان لەبارەی ئامانجەکانی ئاسایشی نەتەوەیی، چوارچێوە جۆراوجۆرە جوگرافی، پیشەسازی و کەلتورییەکانی جیهان، کە بەپێی دۆزی تایبەت بەخۆیان بایەخ بە ناوەرۆکی ئاسایش دەدەن کاریگەریان لەسەر بواری خوێندنەوەی ئا سایش دانا، بە نموونە: وڵاتانی بەستراو بەجیهانی سێیەم هەستیاربوون بە ململانێی ناوچەیی و پرسی گەشەی ئابووری، بەڵام وڵاتێکی وەکو ئەمریکا زیاتر بیر لە تەکنەلۆژیای ئەتۆمی و ڕێبەرایەتیکردنی جیهان دەکاتەوە، ئەورووپیەکانیش بواری ئاسایشی ئابووری بەلایانەوە گرنگە، بۆ **ئێرانیش** پرسی ئایدیۆلۆجیا گرنگی زیاتری هەیە[٥].

---

[١] سهاد عبد الحسين الحسيناوي، مصدر سبق ذكره، ص٣٥.

[٢] المصدر نفسه والصفحة نفسها.

[٣] صاحبي محمد الصالح، السياسات الأمنية للإتحاد الأوروبي إتجاه المنطقة المغاربية- الهجرة غير الشرعية نموذجا، رسالة ماجستير منشور ب PDF، قسم العلوم السياسة- كلية الحقوق والعلوم السياسية- جامعة العربي بن مهيدي، البواقي، ٢٠١٦-٢٠١٧، ص٨.

[٤] المصدر نفسه و الصفحة نفسها.

[٥] د. جليل ڕەوشەندل، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤.

بەم شێوەیە، هەموو ئەو گۆڕانانە، وایانکرد ئاسایش ئەو چەمکە بەرتەسکە تێپەڕێنێ و گرنگی بە هۆکاری ناکلاسیکی وەک؛ ئاسایشی ـ تاک، کۆمەڵ و ژینگە بدات کە سیستەمی نێودەوڵەتی پێنا سە دەکەن، بەمەش چەمکی سیاسەتی ئاسایش جگە لە هاوکاری لە بواری ئا سایش و سەربازی، جەخت لەسەر پابەندبوونی پەیوەندی دبلۆما سیش دەکاتەوە، بۆیە سیا سەتی ئا سایش لە سەردەمی نوێدا پێویستی بە کۆمەڵێک هۆکاری دبلۆماسی و هێزی فشار لەمیانەی بونیادنانی سیاسەتی ئاسایشی ناوخۆ و دەرەوەی دەوڵەت هەیە، بەمەش بەپێی ئەم چەمکە نوێیە؛ بریتیە لە کۆمەڵێک ستراتیج و بەرنامەی دانراو[١]. ئەم زیندویەتییەی چەمکی ئاسایش وایکردووە، هەموو ڕووە جیاوازەکانی ژیانی هاوچەرخ بەدوای پێداویستییەکانی ئاسایشدا بگەڕێن، چونکە مەودای چالاکی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری و جیاوازییە بیروباوەڕیەکان فراوانتر بوون و، پەیوەندییەکانی دەوڵەت و کەرتەکانی تر و گروپەکانی تری دەرەوەی سنوورە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان ئاوێتەی یەکتر بوون، ئەمەش فراوانبوونی مەودای ئەرکەکانی دەوڵەتی لێکەوتۆتەوە؛ دەوڵەت تەنها وەک پا سەوان و فەرماندەر بە چەمکە کلاسیکەی نەمایەوە، بەڵکو ناچاربوو بە گوێرەی فراوانبوونی ئەو بنەمایانەی لەسەری وەستاوە، چ بواری ناوخۆ بێت بەرانبەر هاوڵاتییەکانی، یان بەرانبەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرپرسیارێتی لە ئەستۆ بگرێ. وێڕای ئەوەش، خودی چەمکی دەوڵەتیش چ بەشێوە گشتییەکەی بێت لەڕووی سیستەمی دەستوری و پێکهاتەی یاسایی، یان لەڕووی دە سەڵات و جۆری فەرمانڕانی پەرەی سەند، هەموو ئەمانە شوێنەواری دیاری لەسەر سیا سەتی ئا سایش، دەزگا و ڕێڕەوەکانی فراوانبوونی مەودایان، یان بەرتەسکبوونەوەیان بەگوێرەی فۆرمی دەسەڵات جێهێشت[٢].

کەواتە، سیاسەتی ئاسایشی، نوێ وێڕای بەهێزکردنی بواری سەربازی گرنگی بە هەموو لایەنەکانی تری وەک ئاسایشی (ئابووری، کۆمەڵایەتی، تەندروستی، کەلتوری، ژینگە و مرۆیی) کە دە ستەبەری ئامانج و بەرژەوەندی تاک و کۆمەڵگاکان دەکەن[٣]. لێرەوە دەکرێت وای دابنێین، سیا سەتی ئا سایش مەبەستێکە لە مەبەستەکانی سیاسەتی گشتی، بۆیە پەیوە ستە بە دامەزراوە و دە سەڵاتی دیاریکراو. واتە سیا سەتی ئا سایش گوزارشتە لەو چالاکیانەی حکومەت و یەکە نێودەوڵەتییەکان بەمەبە ستی دەستەبەری ئاسایش و سەقامگیری تاک لە کۆمەڵێک بواردا پێی هەڵدە ستن، وەک دە ستەبەرکردنی فێرکردن، تەندروستی، نیشتەجێبوون، مافە گشتییەکان، چاودێریکردنی فەرمی چالاکیەکانی سیستەمی گشتی، ڕێکخستنی چالاکی هاوڵاتیان و گروپەکان، هەموو ئەمانەش پەیوەستن بە کارامەیی ئابووری، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەوە[٤].

ئەمەش دەمانگەیەنێت بەوەی بڵێین: سیا سەتی ئاسایشی ـ نەتەوەیی لە پێناو دە ستەبەرکردنی ئاسایش و سەقامگیری لە بوارەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سەربازی، تەندروستی، کەلتوری، ژینگەیی و تاک لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەی دەوڵەت کۆمەڵێک ستراتیج و ئامراز دەگرێتەبەر.

---

[١] صاحبي محمد الصالح، مصدر سبق ذكره، ص٩.
[٢] د. عمر أحمد قدور، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٣.
[٣] صاحبي محمد الصالح، مصدر سبق ذكره، ص ص٩-١٠.
[٤] المصدر نفسه، ص١١.

## باسی دووەم:
## ئاراستەکانی سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی ئێران لە ڕوانگەی بنەما هزری و واقیعییەکانەوە

لەم باسەدا، هەوڵدراوە لە ڕوانگەی بنەما هزری و واقیعییەکانەوە لە ئارا ستەکانی سیا سەتی ئاسایشی نەتەوەیی ئێران لە دوای شۆڕشی (١٩٧٩) بکۆڵدرێتەوە. بۆ ئەمەش لە تەوەری یەکەم، ئاراستەی ئایدیۆلۆجیست و ڕۆڵی لە داڕشتن و پیادەکردنی سیا سەتی ئاسایشی نەتەوەیی ئێراندا نیشاندراوە. لە تەوەری دووەمیشدا، ئاراستەی پراگماتیست و کاریگەری لە سەر سیا سەتی ئاسایشی نەتەوەیی ئێران شیکراوەتەوە.

### تەوەری یەکەم: ئاراستەی ئایدیۆلۆجیست و ڕۆڵی لە داڕشتن و پیادەکردنی سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی ئێراندا

سیا سەت و ڕەوایی دە سەڵاتی سیا سی لە هەر قۆناغ و کۆمەڵگەیەکی مرۆییدا بەندە بە کۆمەڵێک بنەمای هزریی سیا سییەوە، ئەو بنەمایانەش ئەبن بە ئایدئۆلۆجیای دە سەڵات لەمەڕ دونیابینی بۆ ژیان بە گشتی و ژیانی سیا سی بەتایبەتی؛ دە سەڵاتی سیا سیش لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا بەدەر نییە لەو بنەمایانە.

کۆماری ئیسلامی ئێران لە دوای شۆڕشی ساڵی (١٩٧٩)وە، لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆجی (**ویلایەتی ڕەهای فەقیهـ**(*)) دامەزراوە، بنەمایەک کە (**ئایەتوڵڵا خومەینی**) تیۆریزەی کردووە، کە تێیدا (ئایینزای

(*) وشەی (ولاية –Guardian) لە قورئاندا ئاماژەی بۆ کراوە، کاتێک خودا دەفەرموویت: ﴿أم إتخذوا من دونه أولياء فالله هو الولي وهو يحي الموتى وهو على كل شئٍ قدير﴾. واتە دەسەڵات و فەرمان لە بنەڕەتدا بۆ خودایە. لە زمانی عەرەبیش لە وشەی "وەلی"یەوە وەرگیراوە، کە بە واتای پەیوەستی، نزیکایەتی، شوێنکەوتن، پیڕەوی، سوڵتان و سەرپەرشتیاری هاتووە، پاشان چەمکەکە واتای ئایینی، سیاسی و دەستوری پێوەلکێنراوە. لە دوای کۆچی دوایی (**شا ئیسماعیل**)ی سەفەوی و هاتنی کوڕەکەی (**تەهماسبی یەکەم**) گۆڕانکاری ڕیشەیی لە بونیادی تێگەیشتنی فقهی لە دەسەڵات و ئەرکەکانی لە هزری لێکۆلەر (**شێخ کەرکی ٨٧٠-٩٤٠ک**) هاتەئاراوە، بەم شێوەیە، کەرکی یەکەم فەقیهی شیعەیە کاری سیاسی پراکتیزە دەکات و (**تیۆری ولایەتی فەقیهی گشتی**) دادەمەزرێنێت و، تێیدا شا وەک نوێنەری ئیمام و خۆشی وەک پارێزەری دەناسێنێت؛ ئەمەش بنەمایەکی شەرعییە لە هزری سیاسی شیعیدا، بەوەی گەر حکومەتەکان نادادپەروەریش بن، دەتوانرێت مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، بە مەرجێک دەرفەتی خۆبواردن لە ئەنجامدانی قەدەغەکراوەکان و فەرمانکردن بە چاکە بۆ فەقیهـ هەبێت. دوای کەرکی، لێکۆلەر (**ئەحمەد نەراقی ١١٨٥-١٢٤٥ک**) لە چارەکی یەکەمی سەدەی هەژدەدا دوو هەڵوێستی خستەڕوو، یەکەمیان؛ میراتی گێڕانەوەی ئەو هەواڵەیە کە زانایان مافی خۆیانە تیشکی بخەنە سەر. دووەمیان؛ ئەرکی زانا و فەقیهەکان لە کاروباری خەڵک و موڵک و ماڵیاندا. لەڕاستیدا، لەسەر ئاستی مەرجەعیەت و دەسەڵاتەکانی لە دونیای شیعەدا، سێ جۆر ولایەتی فەقیهـ هەیە، ئەوانیش؛ ولایەتی گشتی- ڕەها (**عامە- مطلقة**)، نێوەند (**وسطی**) و تایبەت (**خاصة**)یە، کە مەرجەعە شیعەکاکانی ئێرانی لێدەرچێت زۆربەیان هاوشێوەی دووەم و سێیەمن، چونکە لە ولایەتی ناوەند و تایبەتدا، مەرجەع یان لە بیروباوەڕ و بنەما ئایینییەکاندا وەلی موسڵمانانە یاخود کەمێک واوەتر دەچێت و لە دادگاکانیشدا دیسان هەر

شیعە[*]ی دوازدە ئیمامی بە سیا سی دەکرێت، بـۆ ئەوەی وەک بنەمـایەکی واقیعـی فەرمـانڕانی و

---

وەلـی و مەرجەعـی شـیعەکانە، وەک ئەوەی لە نەجەف و عێراقـدا بەگشـتی هەیە، بەڵام لە ئێرانـدا ولایەتـی گشـتی سەراپاگیرە و وردودرشتی کاروبار لەخۆدەگرێت، نەک هەر ئەوەش بە وتەی خومەینی دەبێت لەسـەرووەی هەرەمـی سیاسیشدا بێت و جێبەجێکاریشی بێت. واتە دوای کۆتایهاتنی سەردەمی دەوڵەتی سەفەوی، تیـۆری ولایەتـی تـایبەت کە لەسەر بنەمای چاوەڕوانی دەرکەوتنی ئیمامی شاراوە بونیادنرابوو زاڵ بوو، تا ئەو کاتەی خومەینی چەمکێکی نوێی فیقهی داهێنا، کە درێژکراوەی هزری کەراکی و نەراقی بوو، تێیدا ولایەتی گشتی فەقیهـ (**الولاية العامة للفقيه**)ی تـا دەرکەوتنەوەی ئیمامی شاراوە پێکهێنا، بەڵام ولایەتی فەقیهی لەسەر بنەمای میراتـی سیاسـی دیـارینەکرد کە بڕبـڕەی پشتی ئایینزای جەعفەرییە (**ولایەتی تایبەت**) کە ئەبێت لە ئیمامە بێهەڵەکان دەرنەچێت تا دەرکەوتـنەوەی مەهـدی، بەڵکو ئەو مافە بە وەلی فەقیهـ ڕەوا دەبینێت کە جەخت لەسەر ولایەتی گشتی تا گەڕانەوەی مەهدی دەکاتەوە. ئەو وەرچەرخانەش لە هزری خومەینیدا نوێنەرایەتی ئەو بنەمایانە دەکەن کە لە ڕێگەیـانەوە لە کاریگەرییەکـانی تیـۆری فیقهی سیاسـی لەنێـو دەسـتەبژێرە هاوچەرخەکـانی ئێرانـدا تێـدەگەین. بـڕوانە: (سـورة الشـورى، الأيـة: ٩)، (هەردی مەهدی میکە، ئێران نامە؛ سیستم، سیاسەت و کولتوور، دامەزراوەی درەو میدیا، چاپخانەی پاندا، سـلێمانی، ٢٠٢٢، ل ل٢٢-٢٣)، (مركز الأبحاث العقائدية، مقتطفات من موسوعة حياة المحقق الكركي وآثاره، تـأريخ الزيـارة (٢٠٢٣/٢/٦)، متـاح علـى الـرابط الاتي : https://www.aqaed.com/book/425 /) و (محمـد الصـياد وسـليمان الـوادعي، اللاهـوت السياسي الشيعي وأزمة الشرعية في أيران، المعهد الدولي للدراسات الإيرانية (رصـانة)، مكتبـة الملـك فهد الوطنية أثنـاء النشر، الرياض، ١٤٤٣هـ ص ص١٣-١٦).

[*] شیعە بەو کەسانە وتراوە کە خۆیان بە شوێنکەوتەی پێشەوا (**عەلی کوڕی ئەبی تالیب**) داناوە، پێیانوایە کە پێشەوا و جێنشینی راستەقینەی پێغەمبەر (**محمد** د.خ)ە و، ئەمەش بەپێی دەق و وەسیەتی پێغەمبەر دیاریکراوە، دواتـریش پێشەوایەتی لە نەوەکانی عەلی دەرناچێت، گەر لەوان دەرچوو، ئەوە ستەمیان لێکراوە، یـان خۆیـان لەسـەر بنەمـای خۆپارێزیی (**التقية**) وازیان لێهێناوە، بۆیە زۆرینەی مێژوونوسان و لێکۆڵەرانی هزری سیاسی کـۆکن لەسـەر ئەوەی کە خاڵی سەرەکی ناکۆکی نێوان سوننە- شیعە لەدوای پێغەمبەر بریتییە لە بـابەتی جێنشـینی (خـیلافەت). هەر ئەمەش وایکرد، بەشێک لە موسڵمانان لە کۆبوونەوەی (**سەقیفەی بەنی ساعیدە**) بەپێی دەقی شورا پەیمانیان بە (**ئەبوبەکر**)ی هاوەڵی پێغەمبەردا و وەک جێنشینی موسڵمانان دەستنیشانیان کرد، بەشێکی تر لە موسـڵمانان وەفاداری خۆیـان بـۆ تایفەی پێغەمبەر نیشاندا و لەگەڵ ئەوە دابوون (**عەلی**) ئامۆزای پێغەمبەر ببێتە جێنشین. لە ئاینزای شیعەدا هەمـوو گروپەکـان هــاوران لەســەر ئەوەی پێشــەوایەتی لەو (**بەرژەوەنـدییە گشـتییانە**) نیـیە کە لە ڕێـگەی خەڵـکەوە هەڵبژێردرێت، بەڵکو ئەم پلەیە بنەما و بنەڕەتێکی ئایینە و، بۆ پێغەمبەر ڕەوا نییە کە بێئاگابێت لێی یان بیسـپێرێ بە خەڵک، واتە پایەکە لە خوداوە دیاریکراوە، لەسەر پێغەمبەر پێویستە بە فەرمانی خودایی پێشەوا بـۆ ئـومەت دیـاری بکات، ئەو کەسەشی دەبێتە پێشەوا مەرجە (**ئیمامی معصوم**) بێت، واتە لە هەموو تـاوانێکی بچـوک و گەورە بەدوور بێـت، هەربـۆیە عەلـی ئەو کەسـەیە کە پێغەمـبەر بـۆ ئەو مەبەسـتە دیـاری کـردووە. بە بۆچـوونی کۆمەڵێـك لە ڕۆژهەڵاتناسانی وەك رینهـارت دۆزی (Reinhart Dozy) ئۆگوسـت میلە(August Miller) ، جەیمس دارمسـتیتەر (James Darmesteter)ڤۆن کریمەر (Von Kremer) و چەندانی تر، شیعەگەری لە بنچینەدا هزرێکی کۆنی فارسیە، هزری گواسـتنەوەی دەسـەڵات لە پێغەمـبەرەوە بـۆ نەوەکـانی بیـرۆکەیەکە دەگەڕێـتەوە بـۆ ئەو بەرەگەز فارسـانەی موسوڵمان بوون و هاتنە ناو ئیسلامەوە، چونکە فارسەکان باوەڕیـان وابـوو، بەشـێك لە ڕۆحی خـودا لە پادشـاکانیاندا ڕەنگدەداتەوە، شاهەنشا بەرجەستەبوونی ڕۆحی خودایە لە زەویدا، کە لە عەلی و نەوەکانیدا ڕەنگیـدایەوە و جێگیـر بووە. بۆیە بە بڕوای دۆزی ناکۆکی نێوان سوننە و شیعە، ناکۆکییە لەنێوان دیموکراسیەت و بڕوای مـافی خـودایی، بـۆ ئەمەش دۆزی و بەشێک لە ڕۆژهەڵاتناسانی تر، دیموکراسیەتی سوننە بـۆ ڕەگەزی عەرەبـی ئـازاد و سارانشـین، مـافی خوداییش لای شیعە بۆ پابەندبوونیان بە ڕەگەزی فارسی ڕاهاتوو لەسـەر کـۆیلایەتی دەگێـڕنەوە. لەکاتێکـدا بیریـار و

حکومەتی پێ بکرێت. لای شیعەی- سیاسی ئێران، لکاندنی پاشکۆی ڕەها بە چەمکی ولایەتی فەقیهـ ستراتیجێک بووە، کە چەمکەکە هەم بەڕێوەبردن و هەمیش ڕێکخستن بگرێتە خۆی و بیکاتە بالاترین و دە ستێوەردەرترین پۆ ست لە وردودرشتی کاروبار، بەهۆی دەستووریشەوە مۆرکی یا سایی وەرگرتووە[1]. سالانێک دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی سالی (١٩٧٩) لە ئێران، خومەینی لە کۆتاییەکانی قۆناغی هزری خۆیدا بە ڕاپۆرتێک لەبارەی تیۆری ولایەتی ڕەهای فەقیهـ هەموانی سەرسام کرد، کە لە هەلمەتە ئایدیۆلۆجییەکەیدا بە دامەزراندنی حکومەتی ئیسلامی دە ستپێکرد، بەجۆرێک بەپێچەوانەی ئەوەی کەلتوری سیاسی ڕۆژئاوا لەبەرچاوی دەگرێت، ولایەتی ڕەهای فەقیهـ گرنگی بە ڕای گشتی نادات و لەسەری دامەزراو نییە، بەلێنی ڕێکارە دیموکراسییەکان یان هەلبژاردن نادات، بەلکو لەسەر بنەمای ڕێگەپێدان (**التفویض**)ی ڕا ستەوخۆی خودایی بۆ فەقیهـ دامەزراوە. لێرەوە، خومەینی نەک هەر ڕێبازە نوێیەکەی خۆی سەبارەت بە تیۆری ولایەتی فەقیهـ خستەڕوو، بەلکو هێرشی کردە سەر حکومەتی مەرجدار (**المشروطة**) و دەولەتە دە ستورییەکەی کە پێشتر ستایشی دەکرد، بەپێی ئەم بۆچوونە بێت تەنانەت هەلبژاردنی ئەنجومەنی شارەزایان (**خبرگان**)یش دەسنیشانکردنێکی ئاشکراکەرە نەک هەلبژاردنێکی بونیادنەر، بۆیە هیچ پێوەرێک نیە کە بتوانرێت ڕەزامەندی خەلکی لە وەلی فەقیهـ پێ بپێورێت[2]. ئەمەش مانای وایە، مژاری ڕەوایەتی دە سەلات بەپێی تیۆری ولایەتی ڕەهای فەقیهـ کە ڕژێمی ئێرانی لە سەر وە ستاوە، پەیوە ستە بە شەرعیەت و مەشروعیەتی خوداوە و، خەلک هیچ ئیرادەیەکی لە هەلبژاردنیدا نییە و لەدەرەوەی ویستی خەلکیدایە.

---

سۆسیۆلۆجیستی عێراقی دکتۆر (**عەلی وەردی**) پێیوایە ناکۆکی نێوان سوننە و شیعە، ناکۆکی نیە لەنێوان دیموکراسیەت و بڕوای مافی خودایی، بەلکو ناکۆکییە لەنێوان ڕیالیزم و ئایدیالیزمدا. سوننەکان پرەنسیپی دیموکراسیان وەک داپۆشەرێک بۆ هەلوێستە واقیعیەکیان بەرانبەر پرسی فەرمانڕانی بەکارهێناوە و، بەدرێژایی مێژوو جارێک یان دووجار نەبێت، بۆ هەلبژاردنی جێنشین، پەنایان نەبردۆتە بەر دەنگدانی ئازاد، ئەویش لە ڕێی وەرگرتنی بەیعەت لە پیاوماقوول، قازییەکان و خەلکی دیاری نێوکۆمەلگە، کە سوننەکان بە پرەنسیپی کۆدەنگی دادەنێن، ئەگینا زۆرینەی جێنشینەکان لەلایەن پێشینەکانەوە دانراون، یاخود لەڕێی هێزەوە بە دەسەلات گەیشتوون. لە بەرانبەردا شیعەکان گالتە بەم لۆجیکە واقیعیە دەکەن، وای دەبینن، پێویستە جێنشین بێتاوان بێت و لە نێو ئەهلی ئیسلامدا باشترین بێت، لەبەر ئەوە هەر دەبێت لەلایەن خوداوە دیاری بکرێت، چونکە تەنها خودا دەزانێت کێ بێتاوانە و باشترینە لەناو موسلماناندا. ئەمەش تراویلکەی (**شا- فەیلەسوف**)مان لای هەریەک لە ئەفلاتون، کۆنفشیۆس، فارابی و چەندین فەیلەسوفی تر بیر دەخاتەوە. بڕوانە: (د. ئومێد عوسمان، شیعە و بنچینەی بیری شیعەگەری، لە سایتی مێژووی کورد، ٢٠١٧/١٠/١٥، بەردەستە لە:

http://www.historyofkurd.com/2017/10/15/مێژووی-شیعە-و-سەرەتای-فکری-شیعەگەری-چۆ/

(د. عەلی وەردی، لێکۆلینەوەیەک لە سۆسیۆلۆجیای ئیسلام، و: دانا مەلا حەسەن، ناوەندی بلاوکردنەوەی ئەندێشە، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی، ٢٠١٦، ل ٨٣-٨٧)، (دیلان هەردی، ڕژێمی سیاسی ئێران لەنێوان ئۆتۆریتاریزم و تۆتالیتاریزمدا، ب. د. چ، ب. چ، هەولێر، ٢٠١٩، ل ٩٦) و (عبدالرحمن بن خلدون، موقەدیمەی ئیبن خەلدون، ب١، و: سەعید بەشیر، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، ٢٠١٦، ل٤٩٣).

[1] هەردی مەهدی میکە، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣.

[2] محمد الصیاد وسلیمان الوادعي، مصدر سبق ذکره، ص ص١٥-١٦.

لەڕاستیدا، لەپاڵ تیۆریزەکردنی بۆچوونەکانی لەمەڕ ولایەتی ڕەهای فەقیهـ و چەسپاندنی لە ناو دە ستوردا کە بـن بە بنەمـای واقیعـی، تـاوەکو هـێڵە گشـتییەکانی حکـومەتی ئیسـلامی، دارشـتن و پیادەکردنی ستراتیج، سیاسەتی گشتی و لەنێویشیاندا سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی ئێران بەرجە ستە بکات، خودی بیرکردنەوەی ئێرانییەکانیش لە کاتی شـۆڕش و دواتـر، زەمینـەی لەبـاری بـۆ خـومەینی ڕەخساند تا بەو ئامانجە بگات. ئەویـش ئەوەبـوو؛ پزیشـکی تـارانی، مەلای شـارۆچکەکان، کرێکـاری نەوت، کارمەندی پۆستە و خوێندکاری بالآپۆش هەموویان داوایەکی دەستەجەمعیان هەبوو ئەویـش ئەوەبوو "دەبێت شا بڕوات"، بەڵام ئەم هەڵوێستە یەکگرتوو و یەکپارچەیە بۆ خەڵکـی ئێـران بـوو بە بنەمایەک؛ کە واتای کۆتایهێنان بە ملکەچی، چاولەدە ستی، دابەشـکردنی دووبـارەی داهـاتی نەوت، گرتنی گەندەڵکاران، دووبارە کارابوونەوەی ئیسلام، شێوازێکی نوێ بـۆ ژیـان، پەیوەنـدی نـوێ لەگەڵ ڕۆژئاوا، لەگەڵ وڵاتانی عەرەب و ئاسیا...بەڵێ ئێرانییەکانیش وەک خوێندکارانی شەستەکانی ئەوروپا، هەموو شتێکیان دەویسـت، بەڵام ئەوەی ئەوان دەیانویسـت ئـازادی حەز و ئارەزووەکانیـان نەبـوو، بەڵکو ئازادبوون بوو لە هەر شتێک کە لە وڵاتەکەیانـدا نیشانەی ئامـادەیی هێـزە بیانییەکـان بێـت، چـونکە لە ڕوانـگەی ئەوانەوە، حـزبە سیا سییەکانی ئەو کـات بە لیبراڵەکـان و سۆسیالیسـتەکانی لایەنگری ئەمریکا تا دەگات بە حزبە مارکسیستەکان و خودی گۆڕەپانی سیا سەتیش، جـێگەی دزە و شوێنی کاریگەری ئەم هێزانە بوون و بەردەوامیش هەر وا دەبـن. ئـا لێـرەوەیە ڕۆڵـی خـومەینی، کە شان لە شانی ئەفسـانە دەدات، بەدیـار دەکەوێـت[1]، خـومەینی لە پەرتـووکی (**ولایەتـی فەقیـهـ**)دا دیدی خۆی بە ڕوونی سەبارەت بە سنوور و دەسەڵاتەکانی ولایەتی فەقیهـ دەخـاتەڕوو بەوەی "گەر کەسێکی بەتوانا سەرکەوتوو بوو، سیفەتی زانست و یاسای هەبـوو، دادپەروەر بـوو لە دامەزرانـدنی حکومەتدا، هەمان ئەو ویلایەتەی پێغەمبەری خودای هەیە لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵ و دەبێ هەمـوو خەڵک گوێڕایەڵی بکەن"، ئەم وتەیەی خومەینی ئەوە دەردەخـات کە دە سەڵاتی وەلـی فەقیهـ زۆر لەوە فراوانترە کە لە دە ستوری ئێرانـدا هـاتووە. واتە ڕۆڵـی ڕابەر لە بڕیـاری سیا سیدا دەردەکەێـت، بەوپێـیەی ولایەتـی فەقیهـ بـووە بە بنەمـایەکی فەلسـەفی حکـومەتی کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران و حـاکمیەت لە وڵاتـدا، لە ڕوانـگەی ئەوەوە درو ستکردنی بڕیـاری سیا سی و لەنێویشـیاندا سیا سەتە گشـتییەکان بە سیا سەتی ئاسایشــی نەتەوەییشــەوە لە سەر ئا ستی نـاوخۆ و دەرەوە لە ولایەتـی فەقیهەوە سەرچاوە دەگرن[2]. کەواتە، لێرەوەیە کاریگەری پێگەی تایبەتی خومەینی، بۆچوون، بڕیار و وەسیەتەکانی سەبارەت بە سیاسەت دەبنە بنەمای ئاراستە و ڕێڕەوی فەرمانڕانی لە ڕژێمـی کۆمـاری ئیسلامی ئێران بە شێوەیەکی بەرزتر لە پرەنسیپە دەستورییەکان. بـۆیە لە وەڵامـی ئەو پر سیارەدا کە ئایا ئەو وەسیەت و بڕیارانەی خومەینی تا چەند کاریگەرییان لەسەر دروستکردنی بڕیاری سیاسی لە

[1] میشـێل فۆکـۆ، ئێرانییەکـان چـۆن بیـردەکەنەوە، و: هەژار مەجیـد، ناوەنـدی بڵاوکـردنەوەی ئەندێشـە، چاپخـانەی ئەندێشە، سلێمانی، ٢٠١٧، ل ٨٢-٨٣.

[2] وەرگیراوە لە: نامۆ خورشید، دروستکردنی بڕیار لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران دا، لە گۆڤاری دۆسێی ئێران، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ژمارە (١٤)ی حوزەیرانی ٢٠٠٩، ل١٢٥.

کۆماری ئیسلامی ئێراندا هەیە؟ دەکرێت ئەم خاڵانە بخرێنە ڕوو[1]:

- ڕابەری نوێی کۆماری ئیسلامی ئێران (**عەلی خامنەئی**) زۆر جار ڕایگەیاندووە، هێڵی گشتی سیاسەتی ئێران هەمان ئەو هێڵەیە کە خومەینی کێشاویێتی.
- بەپێی پرەنسیپی تیۆرەی ولایەتی فەقیهـ بڕیاردان لە سەر هەر مژارێک لە ناوەڕۆکی ئەرکەکانی وەلی فەقیهە، چونکە ئەو بەپێی فەلسەفەی گشتی ویلایەت بەرژەوەندی مو سڵمانان دیاری دەکات.
- بۆچوونەکانی خومەینی پێگە و تایبەتمەندی خۆی لە دەستوری ئێراندا هەیە، بۆیە لەلایەن یاسا داڕێژەران، پلاندانەران و دانەرانی ستراتیجی ئێران بایەخێکی زۆریان پێدەدرێت.

کەواتە، وەلی فەقیهـ کە تیۆری ولایەتی ڕەهای فەقیهـ بنەما و سەرچاوەی ڕەوایەتی دە سەڵاتەکانیەتی، ڕۆڵ و کاریگەرییەکی زۆری لە سەر داڕشتن، دیاریکردنی ئارا ستە و هێڵە گشتییەکانی ستراتیج و سیا سەتی ئاسایشی نەتەوەیی هەیە و، لە جێبەجێکردنیشیدا پێگەی هەرە باڵای لە سیستمی سیاسی ئێراندا گرتووە.

لێرەوە دەکرێت بڵێین: ئایدیۆلۆجیای دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی ئێران وەک دەوڵەتێکی ئیسلامی لە ناوچەکە، کە لە بیرۆکەکانی خومەینی سەرچاوەی گرتووە، ئایدیۆلۆجیایەکی جیهانییە و، چوارچێوەی سەرەکی سیاسەتەکانی دەوڵەت، یا سا، ڕێسا، کۆمەڵگە، تاک و هەروەها سیا سەتەکانی ناخۆ و دەرەوەی پێکهێناوە[2]. بۆیە ئامانجی ستراتیجی ئەو ئایدیۆلۆجیایە لە ناوچەکە بەگشتی بریتییە لە بنەمایەک، ئەویش ڕابەرایەتیکردنی جیهانی ئیسلامی بە گشتی و بەرگریکردن لە پەیڕەوانی ئایینزای شیعە بە تایبەتی و دەرکەوتن وەک زلهێزێکی ناوچەییە. کۆماری ئیسلامی ئێران بەپشتبەستن بەو بنەما هزریە، پشتیوانیکردن لە دۆزی فەلە ستین و دژایەتیکردنی ئیسرائیل و هەر جۆرە پشتیوانییەک لێی لەلایەن ئەمریکا و هەر دەوڵەتێکی ترەوە وەک ئامانجێکی نەتەوەیی دەبینێت، بۆ نموونە: خامنەیی ڕابەری باڵا دەڵێت: "بەرگریکردن لە هەموو مو سوڵمانانی جیهان و لە سەروو هەموشیانەوە فەلەستینیەکان، بنەمایەکی سەرەکی و نەگۆڕی سیستمی کۆماری ئیسلامی ئێرانە"، هەروەها دەڵێت: "ئەمرۆ بەرگریکردن لە مافەکانی فەلە ستینیەکان ئەرکێکی شەرعیە"[3]. ئەو بنەما هزریەش بە شێوەی واقیعی، وەک یاسا لە چوارچێوەی دەستوری ئێرانی ساڵی (١٩٧٩) و هەمواری ساڵی (١٩٨٩) جێگیرکراوە، بەوەی لە ماددەی (١٠٧)ی دەستورەکەدا هاتووە؛ ڕابەر، ڕابەری گەورەی شۆڕشی ئیسلامی جیهانییە و، لە ماددەی (١١)ی ئەو دەستورەشدا هاتووە، مو سلمانان یەک نەتەوە پێکدەهێنن و حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران دەبێ سیا سەتی گشتی خۆی لە سەر بنەمای هاوپشتی و یەکێتی گەلانی ئیسلامی دابڕێژێت و بەردەوام بێت لە هەوڵدان بۆ گەیشتن بە

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل١٢٦.

[2] دیلان هەردی، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٥.

[3] پەروێز ڕەحیم، سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران، چاپخانەی موکریان، هەولێر، ٢٠١٤، ل ل١٢٥-١٢٦.

یەکگرتوویی سیاسی، ئابوری و کەلتوری جیهانی ئیسلامی[١].

هەر لەم بارەیەوە ئایەتوڵلا (**ئەحمەد جەننەتی**) لە کاتی ڕووداوەکانی سوریا لە ساڵی (٢٠١١)دا بانگەوازێکی ڕاگەیاند، کە دەکرێت بڵێین هاوشێوەی ئەو بانگەوازە بوو، کەوا پاپای مە سیحی کاسۆلیکی لە جەنگی خاچپەرستەکان لە ئەوروپا ڕایگەیاند، کە هەڵگری بەرپاکردنی هەڵمەتێکی خاچی پیرۆز بوو بۆ داگیرکردنی شام، فەلستین و نەهێشتنی ئایینی ئیسلام. **جەننەتی** لە سەر مینبەری زانکۆی تاران وتی: "پێویستە لەسەر شیعەی عەرەب دەستپێشخەری بکەن بۆ چوونەناو سوریا بۆ جهاد هاوشانی ڕژێمی سوریا، تاکو سوریا نەکەوێتە دەست دوژمنانی ئالی بەیت، و ئێمەش لە تێڕوانینی ئەواندا تەنها دوژمنایەتی بۆ ئالی بەیت پاکردنەوەیە بۆ ڕەزامەندی خودا لە سەریان بەگشتی؛ بۆیە ئەوان وای ئەبینن کە ئەرکێکی ئایینییە خۆمان، ژن و منداڵەکانمان بکوژن"[٢].

بنەمایەکی هەزری تر، کە ئایدیۆلۆجیای کۆماری ئیسلامی ئێرانی لە سەر بونیادنراوە و، ئایدیۆلۆجیستەکان وەک بەشێک لە سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی ئێران کاری لە سەر دەکەن بریتیە لە بڵاوکردنەوەی بیرۆکە و جیهانبینی شۆڕش لە تەواوی دەوڵەتانی جیهانی ئیسلامی، لەم ڕووەوەش ئەگەر پێویستی کرد دەبێت لەگەڵ ئەو دەوڵەتانە ڕووبەڕوو ببنەوە کە لە دژی ئەم جۆرە سیاسەتانەی کۆماری ئیسلامیدا دەوەستنەوە، بەتایبەتی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا. بیرۆکەی ناردنە دەرەوەی شۆڕشی ئیسلامی لەلایەن ڕابەری شۆڕش خومەینی دیاریکراوە و، پێیوابوو دەبێت ئەم بیرۆکەیە ببێت بە بنەمایەکی واقیعی سیا سەتی دەرەوەی ئێران، بەجۆرێک وڵاتانی دەوڵەمەندی وەک ئەمریکا، دەوڵەتانی ئەورووپا و ڕووسیا وەک بەرەی جیهانی ئاتاییزم (بێ دین) دابنێت، لە بەرانبەردا بەرەی دەوڵەتانی هەژاری جیهانی سێیەم، وەک وڵاتانی ژێر دە سەڵاتی ئیمپریالیزم ببینێت. هەروەها ڕوانگەی خومەینی بۆ وڵاتانی مو سلمانانیش ئەوە بوو، تەواوی فەرمانڕانەکانی ئەو دەوڵەتانەی لە ئایینی ئیسلام دوورکەوتوونەتەوە، لە پێناو بەرژەوەندییە دارایی و مادییەکانیان لەگەڵ ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات لە هاوکاری و هەماهەنگیدان؛ لەبەر ئەوە گەلانی ئەو دەوڵەتانە نابێت باوەڕ بەو فەرمانڕانانە بکەن، بەڵکو پێویستە لە سەریان تەنها لە پێناو بەڕێوەبردنی ڕاستەقینەی ئیسلام بجەنگن و ئیلهام لە ئێران وەربگرن. لەلایەکی دیکەشەوە ئێران پێویستە لە شەڕ دژی دوژمنانی ناوخۆیی و دەرەکی پشتگیری لەو کۆمەڵ و بزووتنەوانە بکات لە دەوڵەتانی ئیمپریالیستیدان و، پرەنسیپی هاناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی و پشتگیریکردنی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی ئیسلام لە تەواوی جیهان بکات بە بنەمای سەرەکی سیا سەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران [3]. واتە کەمەرکێشکردنی کۆمەڵگەکانی تری ناوچەکە و پێشکەشکردنی نموونەی

[١] المادة (٧ و ١١) دستور إيران الصادر عام ١٩٧٩ شاملا تعديلاته لغايه عام ١٩٨٩.

[٢] نقلاً عن: كليم دندوش، الموقف الإقليمي (الإيراني والتركي) من الثورة السورية، مركز أمية للبحوث والدراسات، تاريخ الزيارة ٢/ ١٢/ ٢٠١٩، متاح على الرابط الآتي :

http://www.umayya.org/featured/1506 .

[3] تەحسین وسو عەبدوڵلا، پراگماتیزم و دۆگماتیزم لە سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران، چاوی ورد، ٣٠ی کانوونی ٢٠٢٣، بەرواری سەردانیکردن (٢٠٢٤/٣/٢٧)، بەردەستە:

"شۆڕشــی ئیســلامی ئێـران" پێیـان و، هانـدانیان لە دژی ڕۆژئـاوا، بـۆیە لەمیـانەی جێبەجێکـردنی ئایدیۆلۆجیای ئایینی خۆی، ئێران توانیویەتی ژمارەیەک هێزی چەکداری کـارا لە نـاوچەکە بونیـاد بنـێ لەوانە: پاسەوانی شۆڕش بە پێکهاتەی جیاواز، حزب الله ی لوبنانی، بزوتنەوەی حەمـاس لە فەلە ستین، بزوتنەوەی ئەمەل لە لوبنان، گروپە شیعیەکان لە عێراق و حوسیەکان لە یەمەن[١]. ئەم بنەمایەش لە بەشی بەرایی دەستوری ئێراندا هاتووە "دەبێت دەستور لە پێنـاو پەرەپێدان بە شۆڕشـی ئیسـلامی و کاریگەرییەکانی، هەلومەرجی گونجاو دەستەبەر بکات و هەوڵبـدات لە ڕێـگەی پێکهێنـانی یەکێتـی ئومەتی جیهانی ئیسلامیدا پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ بزووتنەوە ئیسلامی و جەماوەرییەکان بەرەو پێش ببات"[٢].

لەم ڕووەوە (**حەسە ن ڕۆحانی**) سەرۆک کۆماری پێشووی ئێـران ڕایگەیانـد، هـاوپەیمانی سوری-ئێـرانی بە سروشـتی خـۆی هـاوپەیمانیەتییەکی سەرەکییە و، لە سەر ئەو ئەندێشـانە نەوە ستاوە کە پەیوەستن بە دیدگای بەرژەوەندی یان بەپێی نزیکی جوگرافیا، بەڵکو پرسەکە بەستراوە بە چـارەنووس و نەگۆڕە هزری و ئایدیۆلۆجییەکان[٣]. کەواتە دەتوانین بڵێـین: ستراتیجی دامەزرانـدنی دەوڵەتێکـی ئایینی و ڕابەرایەتیکردنی دەوڵەتانی ئیسلامی ناوچەیی و وبڵاوکردنەوەی بیرۆکەی شۆڕشی ئیسـلامی ئێران، دژایەتیکردنی ئیسرائیل لە ڕووی ئایدیۆلۆجیاوە لە سوریا و فەڵەستین و نـاوچەکە بەگشـتی، تـا ڕادەیەکی زۆر بنەمای نەگۆڕن لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەگشتی و، سیا سەتی ئاسایشی- نەتەوەیـی بەتایبەتی.

هەروەها چەمکی هیلالی شـیعی کە بنەمـا و پانتـاییەکی تـری ئایـدیۆلۆجیای کۆمـاری ئیسـلامی ئێرانە، لەم ساڵانەی دواییدا، ئێران وەک بنەمایەکی سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی بەچڕی کـار لە سەر ئەم چەمکە دەکات؛ ئەم کەوانەیەش ئەو قەڵەمڕەوە ڕێکدەخات بەرەو تەواوکردنی سنووری جـوگرافی خـۆی، کە لە ڕۆژئـاوای ئێـرانەوە تـا ڕۆژئـاوای لوبنـان دەڕوات[٤]، بەتـایبەت دوای ڕوخانـدنی ڕژێمـی (**سەدام حسێن**) لە ساڵی (٢٠٠٣) و گەیشـتنی شـیعە بە فەرمـانڕانی بەغـداد. ئەم پر سەش تەنها لە جوغزی سیاسی کورت نابێتەوە، بەڵکو نزیک بوونەوەیەکی ئایینزایی بـوو لەنێـوان شـیعەکانی ئێـران، عێراق وعەلەوییەکانی سوریا، بەتـایبەت لەگەڵ گەیشـتنی (**بەشـار ئەسـەد**) بەدە سەڵات، گـۆڕانێکی تەواو لە دۆخـی شـیعە هـاتە ئـاراوە، تەنـانەت ئێـران سەرەتا لە (٢٠١١)دا سێ هەزار سەربازی لە

https://chawykurd.com/2023/01/30/پراگماتیزم-و-دۆگماتیزم-لە-سیاسەتی-دەر/

[١] عايشه سمان، الأبعاد الجيوستراتيجية للسياسة الخارجية الإيرانية و السعودية تجاه منطقة الشرق الأوسط اليمن أنموذجاً- ٢٠١١-٢٠١٦، رسالة ماجستير منشور ب pdf، قسم العلوم السياسية و العلاقات الدولية- كلية الحقوق و العلوم السياسية- جامعة المسيلة، ٢٠١٦-٢٠١٧، ص٥٣.

[٢] تمهيد دستور إيران الصادر عام ١٩٧٩ شاملا تعديلاته لغايه عام ١٩٨٩.

[٣] د. ياسر عبدالحسين، السياسة الخارجية الإيرانية- مستقبل السياسة في عهد الرئيس حسن روحاني، شركة المطبوعات للتوزيع والنشر ش.م.ل، بيروت، ٢٠١٥، ص٢٣٢.

[٤] مصطفى اللباد، الصراع التركي- الإيراني على سورية والفراغ العربي، موقع بدايات، ٢٠١٣، تاريخ الزيارة ٢٠١٩/١١/٢٩، متاح على الرابط الآتي :

https://www.bidayatmag.com/node/213.

پاسەوانانی شۆڕشی ئێرانی نارد بۆ پاراستنی ڕژێمی سوریا[1]. لەوەشدا ستراتیجی ئێران بریتی بوو لە دە ستەبەرکردنی فەرمانڕانی شیعە بە سەر ناوچەکە و پێنا سەکردنی بوار و ئامانجە سیا سی و ئایدیۆلۆجییەکانی لە چەمکی کەوانەی شیعیدا؛ واتا ئەگەر پێشتر ئەو چەمکە تەنها وەك ئایدیۆلۆجیایەك و ڕێبازێکی ئاینی بەکارهاتبێ، ئەوا ئێران دەیەوێت لێرەوە چەمکی کەوانەی سەربازی شیعیش بەرجەستە بکات و وەك بنەمایەکی گرنگ بیخاتە خزمەت سیا سەتی ئاسایشی-نەتەوەیی خۆی لەبەرانبەر مەترسی و هەڕەشەی هێزە هەرێمییەکان و ئەمریکا لە ناوچەکەدا[2].

لێرەوە دەکرێت بڵێین گرنگیدانی ئێران بە ناوچەکە بەگشتی و لەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی ئێران لە ساڵی (١٩٧٩) بەتایبەتی و، دوای ڕوخاندنی ڕژێمی سەدام لە عێراق ساڵی (٢٠٠٣) و گەیشتنی شیعە بەفەرمانڕانی لەو وڵاتە بە تایبەتیتر، دەچێتە چوارچێوەی ئامانجەکانی سیا سەتی ئاسایشی نەتەوەیی ئێرانەوە، تا بتوانێت بەرەیەکی بەهێز و پتەو لە چوارچێوەی پەیوەندییەکی سیاسی، ئابوری و سەربازی پێکبهێنێت بۆ ڕووبەڕوبوونەوەی هەر هەڕەشە و مەترسییەکی هەرێمی و نێودەوڵەتی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی ئێران لە ناوخۆ و ناوچەکە و، بەرگریکردن لە هاوپەیمانە شیعەکانی لەبەرانبەر هەژموونی خۆرئاوا، ئیسرائیل و وڵاتانی سوننە ئاینزدا.

**تەوەری دووەم: ئاراستەی پراگماتیست و کاریگەری لەسەر سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی ئێران**

بەر لەوەی باس لەو بنەمایانە بکەین، کە ئارا ستەی پراگماتیستی ئێران لەهەمبەر سیا سەتی دەرەوە و، لە نێویشدا سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی کاریان لەسەر دەکات، با بزانین "پراگماتیزم" چییە و مەبەست لێی چییە؟ پراگماتیزم ڕێبازێکی فەلسەفییە کە بایەخی هزر و کردەوەکان لە ڕووی بەرژەوەندی و دەرئەنجامە کردەییەکانیان هەڵدەسەنگێنێ. ئەم چەمکە لە لایەن (**چارلس ساندەرس پێرس**- Peirce) و (**ویلیام جەیمز**- W. James) بناغەی داناوە و لە لایەن (**جۆن دیویی**- J. Dewey) و پێرەوەکانیەوە پەرەی پێدراوە؛ هاوکات ئەم فەلسەفەیە، فەلسەفەی ڕە سەنایەتی کردەوەشی پێ دەوترێت کە لە ڕاستیدا لە بەرانبەر میتافیزیکدایە[3]. پراگماتیزم لەسەر بنەمای ڕێبازی ژیرانە و پڕ بەرهەم لە میانەی تێگەیشتن لە بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی ئەو وڵاتانە بونیادنراوە کە بەدوای بەرگریکردن لە بەرژەوەندییەکانیان لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا دەگەڕێن. واتە ئارا ستەی پراگماتیزم وەک ڕێبازێک لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا؛ بریتییە لە ئامرازێک بۆ پێشبینیکردن و چارەسەرکردنی کێشەکان، ئەو بیرۆکەیە ڕەتدەکاتەوە کە کارکردی هزر بریتییە لە وەسفکردن یان نوێنەرایەتیکردن یان پێچەوانەکردنەوەی واقیع؛ بۆیە پراگماتیستەکان جەخت لەوە

[1] ممدوح بريک محمد الجاري، النفوذ الإيراني في المنطقة العربية على ضوء التحولات في السياسة الأمريكية تجاه المنطقة ٢٠٠٣-٢٠١١، الأكاديميون للنشر و توزيع، عمان، ٢٠١٤، ص١٣٠.

[2] وەحید کمالی ئیلامی، گۆڤاری کەوانە، دەزگای کەوانە، سلێمانی، ژمارە (١٥) کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠١٣، ل ل٤٦-٤٧.

[3] محمد حاجی زادە، فەرهەنگی ڕاڤەیی "ئیزم"ـەکان، و: سیروان مووساپوور، کتێبخانەی هەژاری موکریانی، ب.د.چ، تاران، ٢٠١٨، ل١١٠.

دەکەنەوە کە زۆربەی بابەتە فەلسەفییەکانی وەک سروشتی مەعریفە، زمان، چەمکەکان، واتا، باوەڕ و زانست، لە ڕووی بەکارهێنان و سەرکەوتنە پراکتیکییەکانیانەوە بە باشترین شێوە دەبینرین[١]. ئەمەش مانای ئەوەیە نابێت، بنەما هزری و باوەڕەکان هەمیشە بە پێچەوانەی واقیع کاریان لە سەر بکرێت، بەڵکو ئەبێت لە چوارچێوەی بەرجەستەکردنی بەرژەوەندییەکان بخرێنە کار، بە دەربڕینێکی تر نابێت چەمکەکان تەنیا وەک هزرێکی ئەبستراکت پێنا سە بکرێن، بەڵکو ئەبێت لە چوارچێوەی واقیع و هەلومەرجدا، سوود و بەرژەوەندییەکانیان پێ ڕاڤە بکەین.

سەبارەت بە ئارا ستەی پراگماتیستەکان لە سیا سەتی ئاسایشی نەتەوەیی ئێراندا، دەبینین هەڵسوکەوتی سیاسی ئێران لەسەر ئاستی دەرەوە بە پرۆسەیەکی تاکتیکی دیاری دەکرێت، چونکە لەستراتیجی کۆتایی خۆی دوورناکەوێتەوە و لانادات، کە بەقازانجی بیرکردنەوەی پراگماتیکی دە ست پێدەکات و، لەسەر بنەمای یەکسانی نێوان دوژمنان و دۆستەکانی لە جوگرافیایەکی سیا سی ڕوون و ئاشکرا کۆتایی دێت. ئەمەش لە هەست و پێزانینی ئێران لەبەرانبەر دەوڵەتانی دەورووبەری خۆیدا ڕەنگی داوەتەوە، وەک لەپەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکەدا دەیبینین، پێدەچێت ئێران وڵاتێکی دۆست بێت بۆ وڵاتانی عەرەب و کەنداو و لە هەمان کاتدا وەک نەیار و دوژمنی وڵاتانی عەرەب و کەنداویش دەردەکەوێت[٢]. بە بۆچوونی ئەم ئاراستەیە، با سکردن لە ئاسایشی نەتەوەیی ئێران هێشتا لە ڕوانگەی جیهانگیرییەوە، لەژێر کاریگەری ڕەچاوکردنە کلا سیکییەکانی ئاسایشیدایە، وەک پێگەی جوگرافی، هێزی سەربازی و پێدراوە جیۆپۆلەتیکییەکانی تر، بەو پێیەی ئێران دەکەوێتە نێوان ئاسیا، ئاسیای بچوک، دەریای قەزوین، نیمچە دوورگەی هیند و جیهانی عەرەبی، ئەوا گرنگترین ڕەگەز لە ڕەگەزەکانی ئاسایشی نەتەوەیی ئێران بریتییە لە پێگەی جیۆپۆلەتیکی، لەگەڵ ئەوەشدا ئێران بەشێک نییە لە هیچ سیستمێکی دراو سێکانی، کە هەر یەک لەم وڵاتانە پێکهاتەی ناوخۆیی جیاوازیان هەیە، هەربۆیە ئێران ناچارە کارنامەی سیا سەتی ئاسایشی نەتەوەیی خۆی بە پێی ئەو گۆڕاوانە لە سیستمی نێودەوڵەتی دیاری بکات[٣]. بەجۆرێک لە پەیوەندیدا لەگەڵ دەوڵەتانی عەرەبی و کەنداودا، لەیەک کاتدا پشتیوانی و کۆمەکی پێکهاتەکانە لەناو یەک دەوڵەتدا، لە سەر حسابی پێکهاتەکانی تری ناوەوە، کە باری سەرلێشێواوی و ئاژاوەی گرتووەتەوە، کە لۆجیکی ناکۆکی عەرەبی - عەرەبی گرتووەتەوە و خاڵێکی چوونەژوورەوەی ستراتیژی بووە بۆ ئەوەی بتوانێت دە ستوەربداتە ناو کاروباری ناوخۆی دەوڵەتانی عەرەبی، ئەوەش لە پێناو دەرکەوتنی وەک هێزێکی جێگرەوەی ناوچەیی لە سیستەمی هەرێمی عەرەبیدا پێش ئەوەی بە ئاقاری تایفەگەریی ڕەت بێت، کە ئێستا لەسەر ئاستی ناوچەکە بە ڕوونی بەدی دەکرێت[٤] و، لە پاڵ ئەوەش وای بۆ دەچن کە ئێران لە جەنگی هەشت ساڵەی لەگەڵ عێراق زیانێکی زۆری پێگەیشتووە و دەبێت وڵاتەکەیان سیا سەتی دەرەکی ئێران لەسەر بنەمای گفتوگۆ و دانوستانی ناوخۆیی جێبەجێ بکات و پەیوەندی و دانوستانی

---

[١] تەحسین وسو عەبدوڵڵا، سەرچاوەی پێشوو.

[٢] تەحسین وسو عەبدوڵڵا، سەرچاوەی پێشوو.

[٣] فراس إلياس، سياسة الأمن القومي الإيراني، ب.م. م، آراليك – توركيا، ٢٠١٨، ص ص١٦٢-١٦٣.

[٤] تەحسین وسو عەبدوڵڵا، سەرچاوەی پێشوو.

بەردەوامی لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێی خۆیدا هەبێت[١].

ئەگەرچی بە حوکمی باڵادەستی ئایدیۆلۆجیستەکان یان کۆنزێرڤاتیستەکان لە زۆربەی پێکهاتەکانی دەسەڵات لە ئێران، مافی ئەو بڕیارە سیاسیانەیان هەیە کە تایبەتن بە ئاسایشی نەتەوەیی ئێران و، دەستبەرداری دروشمی هەناردە دەرەوەی شۆڕش نەبوون، کە تا ئێستا لەو بارەوە سەرکەوتنیان بەدەست نەهێناوە[٢]، بەڵام بیرۆکەی ناردنە دەرەوەی شۆڕش لەلایەن ئاراستەی پراگماتیستەکانەوە ڕەخنەی لێگیراوە. بەپێی ڕووانگەی پراگماتیستەکان، دەبێت هەنگاوەکانی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەت، لە نێویشیدا سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی ئێران لە سەر بنەمای بەرژەوەندییەکان بێت و دوور بکەوێتەوە لە ئایدۆلۆجیا، ئەم ئاراستەیە پشتگیری لەوە کردووە، ئەگەر پێویست بکات و سوود بۆ ئێران دەستەبەر بکات، دەبێت لەگەڵ دەوڵەتانی نا موسلمانی وەک ڕۆژئاوا یان چین و ڕوسیا هاوکاری بکەن. ئەگەر لە ڕووانگەی ئاراستەکانی ئایدیۆلۆجیست و پراگماتیست بۆ نموونە: هەڵسەنگاندن بۆ ئاسیای ناوەڕاست بکرێت، ئەوا دەبینین کاتێک شۆڕشگێرەکان دەیانەوێت شۆڕشی ئیسلامی بگوازنەوە بۆ ئاسیای ناوەڕاست، پراگماتیستەکان بەرگری لەوە دەکەن کە پێویستە بەرژەوەندییەکانی ڕووسیا لەو ناوچەیە لەبەرچاو بگرن. لە ڕاستیدا پراگماتیستەکان سنووری هێزی ئێران وەکو دەوڵەت لەبەرچاو دەگرن و ئاگاداری ئەوەن، ئێران لە ناوچەی ئاسیای ناوەڕاست لە ڕووی ئایدۆلۆجییەوە ناتوانێت ململانێی هەر یەکە لە ڕووسیا، تورکیا و عەرەبستانی سعودیە بکات، سەرەڕای ئەمەش تاران دەست لە سیاسەتی خۆی بەرنادات[٣]. لەم چوارچێوەیەدا ئاراستەی پراگماتیستەکان پێیوایە، دەبێت سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی ئێران لە سەر بنەمای کاریگەری پێشهاتە ئاسایشییە جیهانییەکانی وەک بوونی ئەمریکا لە کەنداوی عەرەبی، دژایەتی ئەمریکا لە هەمبەر تێپەڕبوونی بۆڕی نەوت لە ڕێگەی ئێرانەوە، بەرەوپێشچوونی جبەخانە سەربازییەکانی پاکستان، قەیرانی عێراق، ئەندامێتی تورکیا لە ناتۆ، پاڵپشتی تالیبان لە چالاکییە تیرۆرستییەکان لە ناوچەکەدا بێت؛ لە واقیعدا ئەم هۆکارانە بەشداریان کردووە لە بەنێودەوڵەتی بوونی ئاسایشی نەتەوەیی ئێران، قەبارەی ئەم ڕەهەندە نێودەوڵەتییەش بەپێی هەڵوێستی جیاواز دەگۆڕێت و بەشدارە لە بەنێودەوڵەتیکردنی ناوچەی ئاسایشی نەتەوەیی ئێران(٤).

لەم ڕوانگەیەوە، یەکێک لە کەسایەتییە هەرە دیارەکانی ئاراستەی پراگماتیستی (**ئایەتوڵڵا عەلی ئەکبەر هاشمی ڕەفسنجانی**)یە، کە بۆ ماوەی دوو خول (١٩٨٩-١٩٩٧) سەرۆک کۆماری ئێران بووە، سەرکەوتوو بوو لەوەی زیاتر زەمینەیەکی واقیعگەرایانەی دەستەبەرکرد لە سیاسەتی دەرەوەدا، هەروەها ڕەفسنجانی لە پشت هاوکاری و هەماهەنگی ئێران لەگەڵ ڕووسیا و چین بوو. دوای ئەویش (**سەید موحەمەد خاتەمی**) کە تا ساڵی (٢٠٠٥) سەرۆک کۆمار بوو، ئامانجی سەرەکی بریتی

---

[١] نامۆ خورشید، گرفتەکانی سیاسەتی دەرەکی ئێران، لە گۆڤاری دۆسێی ئێران، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ژمارە (١٥)ی ئەیلولی ٢٠٠٩، ل١٠٩.

[٢] هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە.

[٣] تەحسین وسو عەبدوڵڵا، سەرچاوەی پێشوو.

[٤] فراس إلياس، مصدر سبق ذكره، ص١٦٣.

بوو لەوەی دەوڵەت بە لیبرالیزم بکات و پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ ڕۆژئاوا ڕا ست بکاتەوە؛ لە سەردەمی ئەودا لە ئێران ئازادی چاپەمەنی و فرەیی میدیا دەستی بە گەشەسەندن کرد، لە سیاسەتی دەرەوەشیدا پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەشێکی زۆر لە دەوڵەتانی ئەورووپا ڕێکخستەوە[1]. لە سەر ئاستی هەرێمییش، بۆ نموونە: هەرچەندە، لەدوای هەڵایسانی شۆڕشی ئیسلامی ئێران بە دواوە پەیوەندییەکانی ئێران و عەرەبستانی سعودیە ئالۆزی و ناکۆکی زۆری بەخۆیەوە بینی بەو پێیەی کەمینەیەکی شیعە لە سعودییە دەژین و لە کاروباری سیا سی پەراوێز خراون، بەتایبەت دوای پیادەکردنی سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕش کە ڕابەری باڵای شۆڕشی ئیسلامی خومەینی ڕایگەیاند، دوای داگیرکردنی عێراق لە ساڵی (٢٠٠٣) و گرتنە دە ستی فەرمانڕانی عێراق لە لایەن شیعەوە و هەوڵە بەردەوامەکانی ئێران بۆ بەدە ستهێنانی تەکنەلۆجیای ئەتۆمی، ڕۆڵ و پێگەی ئێرانی لە ناوچەکە زیاد کرد و بووە هۆی کەمبوونەوەی ڕۆڵ و پێگەی سعودیە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست؛ ئەمەش هانی سعودیەی دا بۆ هەنگاونانی خێرا بۆ ئەوەی لانی کەم بتوانێت، لانی کەمی هاو سەنگی ڕۆڵی خۆی لەگەڵ ئێران لە ناوچەکە بەدە ست بێنێ، بۆیە لە ماوەی دە ساڵاتی ڕەفسنجانی و خاتەمیدا، پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات گرژتینێکی باشی پێوە دیار بوو، بەڵام بە هاتنە سەرکاری (**محمود ئەحمەدی نەژاد**) دوای سەرکەوتنی بۆ دوو خول لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی لە ساڵی (٢٠٠٥- ٢٠١٣)، وەک یەکێک لە کە سایەتییە دیارەکانی ئارا ستەی ئایدیۆلۆجیست، پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات وەک ڕابردووی لێهاتەوە و گەڕایەوە دۆخی پێش هاتنە سەرکاری ڕەفسنجانی[2]. پاشان لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی (٢٠١٣)دا، (**حەسەن ڕۆحانی**) سەرکەوتنی بە دەست هێنا کە ڕەفسنجانی پشتگیری دەکرد، ڕوحانی دەستی کرد بە ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ ڕۆژئاوا؛ لە لایەکی دیکەشەوە هەڵبژاردنی (**دۆنالد ترامپ**) وەک سەرۆکی ئەمریکا و جەختکردنەوەی لە سەر ئێران وەک ئامانجێک، جارێکی تر دە ستی پراگماتیستەکانی لە ئێران بەهێزتر کردەوە[3]؛ بەتایبەت بە هەڵبژاردنەوەی ڕۆحانی لە ساڵی (٢٠١٧) بۆ جاری دووەم بە سەرۆک کۆماری ئێران بە دەنگی ٥٧٪، کە بە ڕێژەیەکی دەنگی زۆر لە پێش ڕکابەرەکەی (**ئیبراهیم ڕەئیسی** ) نزیک لە خامنەیی بوو کە ٣٨.٥٪ دەنگی بەدە ست هێنا، ئەمەش ڕێگەی بە ڕۆحانی دا بەردەوام بێت لە سیاسەتی کراوەیی وڵاتەکەی بەڕووی جیهاندا[4].

لە کۆتاییدا، بە پێویستی دەزانین ئاماژە بەوە بکەین، سەرەڕای بوونی ئەو بنەمایانەی هەردوو ئاراستەی ئایدیۆلۆجیست و پراگماتیست کە لە داڕشتن و پیادەکردنی سیا سەتی ئاسایشی نەتەوەیی ئێراندا پیادەی دەکەن، بەگشتی لە ڕووی واقیعییەوە ئێران لە دوای ساڵی (١٩٧٩)وە، لە ڕێگەی سێ ڕێباز (**المقترب**)وە کار لە سەر پەرەپێدانی سیا سەتی ئاسایشی نەتەوەیی و چاودێری ئا سۆکانی

---

[1] تەحسین وسو عەبدوڵڵا، سەرچاوەی پێشوو.

[2] هونەر شەهاب، پەیوەندییەکانی ئێران- سعودیە لەنێوان هەڵچوون و داچوون دا، لە گۆڤاری دۆسێی ئێران، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ژمارە (١١-١٢)ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٨، ل ل١٣٠، ١٣٢.

[3] تەحسین وسو عەبدوڵڵا، سەرچاوەی پێشوو.

[4] جريدة الوسط، حسن روحاني يفوز بولاية رئاسية ثانية، العدد (٢٩٤٣)، ٢١ مايو ٢٠١٧، ص١.

داهاتوو و بەڕێوەبردنی گۆڕاوەکان دەکات؛ ئەو ڕێبازانەش کە لەناو دەستور و دامەزراوەکاندا جێگیر کراون و پەیڕەویان لێ دەکرێت بریتین لە:

**١. ڕێبازی ناوخۆیی:** ئەم ڕێبازە لەسە بنەمای ستراتیجی کۆنترۆڵ و هاو سەنگی وە ستاوە، واتە هەڵمژینی زیان و ئاڵنگارییە ناوخۆییەکانی سەرەتای شۆڕش، جگە لە هەڵمژینی کێشە گەورەکانی دەرئەنجامی شەڕی ئێران و عێراق لە ڕێگەی دامەزراندنی سوپای پاسداران، دامەزراوەی دەسەڵاتدار، ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی، دە سەڵاتی دادوەری شۆڕشگێڕ و هتد، لە هەمان کاتدا دان بە ڕۆڵێکی ناوەندیدا دەنێت بۆ ڕابەری باڵا لە داڕشتن و پە سەندکردنی ستراتیجی باڵای وڵاتدا[١]، بەو پێیەی وەلی فەقیهە کە بە (**ڕابەری باڵا**) ناسراوە، وەکوو جێگرەوەی **ئیمام مەهدی** دەوڵەتی ئیسلامی بەڕێوە دەبات و دەسەڵاتیکی بێسنووری پێدراوە و دەستوەردان لە هەموو دامەزراوەیەکی دەوڵەتیدا دەکات[٢]. ئەوەش بەپێی دستور جێگیرکراوە، کە دەسەڵاتەکانی یا سادانان، جێبەجێکردن و دادوەری لەژێر چاودێری حاکمی ڕاها و ئیمامی میللەتدا کە ڕابەری باڵایە پیادە بکرێن[٣]. ئەمەش مانای وایە پێگەی ڕابەری باڵا بەرزترین و بەهێزترین دامەزراوەیە لە ئێراندا، بەم پێیەی لە دە ستوردا بەرپر سیاریەتی و دە سەڵاتەکانی لە پەیوە ست بە پرۆ سەی دانانی ستراتیج و سیا سەت دیاریکراون، لەوانە: دیاریکردنی سیا سەتی گشتی و سەرپەرشتی جێبەجێکردنی، سەرکردایەتی گشتی هێزە چەکدارەکان، ڕاگەیاندنی جەنگ و ئاشتی، دامەزراندن، لادان و پەسەندکردنی دەست لەکارکێشانەوەی سەرۆکی ئەرکانی سەرکردایەتی هاوبەش، سەرکردایەتی گشتی هێزەکانی پا سەوانی شۆڕشی ئیسلامی، سەرکردایەتی گشتی هێزە چەکدارەکان، واژۆکردنی بڕیاری دامەزراندنی سەرۆک کۆمار دوای هەڵبژاردنی لەلایەن گەلەوە و لادانی ئەگەر کەمتەرخەم بوو بەرانبەر بەرژەوەندییە گشتییەکانی وڵات[٤]: ئەمەش دەریدەخات ڕابەری باڵا ڕۆڵی بنچینەیی هەیە لە پرۆسەی دانانی سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی ئێراندا.

**٢. ڕێبازی هەرێمی:** لە دوای شەڕی ئێران و عێراق، ئێران بە مەبە ستی خۆڕاگرتن لەهەمبەر گوشارەکانی ئەمریکا و ئەوروپا، جگە لە پەیوەستبوون بە ڕێکخراوی ئابووری شەنگەهای، بۆ ئەوەی سوود لە نزیکبوونەوەی لەگەڵ یەکێتی روسیا و چین لە بەهێزکردنی پێگەی ناوچەیی و نێودەوڵەتی خۆی ببینێ، هەوڵی شکاندنی گۆشەگیریی نێودەوڵەتی خۆی بە گرتنەبەری ستراتیژی بێلایەنی کاریگەر گرتەبەر[٥].

**٣. ڕێبازی نێودەوڵەتی:** واتا گرتنەبەری ستراتیجی زیادەڕۆییکردن لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپا، لە ڕێگەی نەرمی و ڕەقبوونەوە لە هەمان کاتدا، کە کاتێکی زۆری بۆ بێدەنگی لە سەپاندنی کاریگەریی زیاتر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕا ست و، داخستنی

---

[١] فراس إلياس، مصدر سبق ذكره، ص ص١٦٤-١٦٥.

[٢] دیلان هەردی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٢١، ٣٠.

[٣] المادة (٥٧) دستور إيران الصادر عام ١٩٧٩ شاملا تعديلاته لغايه عام ١٩٨٩.

[٤] المادة (١١٠) دستور إيران الصادر عام ١٩٧٩ شاملا تعديلاته لغايه عام ١٩٨٩.

[٥] فراس إلياس، مصدر سبق ذكره، ص١٦٥.

چەندین دەرگا پێویستە، کە لە ڕێگەیەوە ئەمریکا دەتوانێـت فشـاری لە سەر درو ست بکـات[١]. ئەم ڕێبازانەش لە دەستوردا جێکراونەتەوە و، بە پێی دە ستور سەرۆک کۆمار کە سەرۆکی ئەنجـوومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەییە، بڕیاری ستراتیجی دەدات، بەڵام ئەم بڕیارانە ناچنە بـواری جێبەجێکـردنەوە بەبێ پەسندکردنی ڕابەری باڵا[٢]. هەروەها ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتیەکان، ناردنی بـاڵوێز و پە سندکردنی باڵوێزی بیانی لە ئەستۆی سەرۆک کۆمار دایە[٣]. هەروەک وەزارەتی دەرەوەش، گرنگی تایبەتی هەیە لە کاروبـاری دەرەوە، بـۆ ئەم مەبە ستەش وەزیـری دەرەوە لە ناوەنـدە گرنگەکـانی ئەنجـومەنی بـاڵای ئاسایشی نەتەوەیی، ئەنجومەنی وەزیران، لە کاتی پێویستدا لە ئەنجومەنی شورای ئیسلامی و کۆمەڵەی دەستنیشانکردنی بەرژەوەندی سیستم ئامادە دەبێت، بەپێی پێویستیش بڕیار وەردەگرێت و سیاسەتی دەرەوە جێبەجێـدەکات، بەڵام پر سە هە ستیار و ئاسایشـییەکان دەچـنە بەردەم سەرۆک کۆمـار و ئەنجـوومەنی بـاڵای ئاسایشی ـ نەتەوەیـی و، پر سە باڵاکـانیش دەبـاتە بەردەم ڕابەر[٤]. لەو نێوەنـدەدا ناکرێت ڕۆڵـی ئەنجـومەنی بـاڵای ئاسایشـی نەتەوەیـی لە ئەو هەر سێ ئا ستەدا لەبیـر بکرێـت، کە بوارەکانی چالاکی سیاسی، ئاسایش، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری و ئـابووری دەگـرێتەوە، بەتـایبەت ئەوانەی پەیوەندییان بە ستراتیج و پلانی ئاسایش و بەرگرییەوە هەیە، کە لایەنی نوێنەرایەتیکردنی دەگەڕێـتەوە بـۆ ڕابەری بـاڵا، وەزارەتی دەرەوە و نـاوخۆ، ئا سایش، بەرپر سە باڵاکـانی پا سەوانی شـۆڕش و سوپا[٥]. کەواتە، ئەگەر پرۆ سەی داڕشـتن و پیـادەکردنی سیا سەتی ئاسایشی ـ نەتەوەیـی ئێـران لە ژێـر کاریگەرییەکی زۆری بنەما هزریەکانی ئاراستەی ئایدیۆلۆجیسـتدایە، ئەوا بە دەر نیـیە لە کـاریگەری زۆری بنەما واقیعییەکان، کە زیاتر ئاراستەی پراگماتیست کـاری لە سەر دەکـات، ئەمە وێـڕای ئەوەی ئەو بنەما هزری و واقیعیانە، بەپێی دەستور بە پرۆسەیەکی ئاڵۆز و پێکەوەگرێدراوی نێوان چەنـدین دامەزراوەی جۆراوجۆر لەسەر ئاستی ناوخۆ، هەرێمـی و نێـودەوڵەتی ڕوودەدەن، ئەمەش وادەکـات هیچ پرسێکی تایبەت بە بواری ئاسایشی ـ نەتەوەیـی بە ئا سانی تێپەڕ نەبێـت، ئەمە وێـڕای خە سڵەتی دوالیزمی بنەماکانی سیسـتمی سیاسی ئێران کە بەشێک لە دامەزراوەکـانی هەڵبژێـردراوی گەلـن و، بەشێکی تریان ڕەوایی ئاینییان پێبەخشراوە، بەتایبەت ڕابەری باڵا وەک وەلی فەقیهـ ڕۆڵـی سەرەکی لەناو هەموو دامەزراوەکانی دەوڵەت دەگێڕێ، لەنێویاندا دامەزراوەکانی تایبەت بە سیاسەتی ئاسایشی ـ نەتەوەیی ئێران.

---

[١] المصدر نفسه والصفحة نفسها.

[٢]ال مصدر نفسه والصفحة نفسها.

[٣] المادة (١٢٨) دستور إيران الصادر عام ١٩٧٩ شاملا تعديلاته لغايه عام ١٩٨٩.

[٤] پەروێز ڕەحیم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٠-٨١.

[٥] عطا عبدالغني خميس الجزار، السياسة الإيرانية تجاه الثورات العربية ٢٠١١-٢٠١٣، رسالة ماجستير منشور بpdf، قسم الدبلوماسية والعلاقات الدولية- جامعة الأقصى، ٢٠١٥، ص ص٥٤-٥٥.

## ئەنجامگیری

دەکرێت گرنگترین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە، لە چەند خاڵێکدا کورت بکەینەوە:

١. ئایدیۆلۆجیای کۆماری ئیسلامی ئێران کە لە بنەما هزرییەکانی ولایەتی فەقیهەوە سەرچاوەی گرتووە، بریتییە لە بەسیاسیکردنی ئایینزای شیعە، بەجۆرێک دونیابینییەکی جیهانییە بۆ بەرگریکردن لە گەلانی مو سڵمان لە هەر کوێیەکی جیهاندا بن، ئەم بنەمایەش بووە بە کارنامەی سیا سەتی ئاسایشی نەتەوەیی ئێران کە لە دوای شۆڕشی ئیسلامییەوە ئاراستەی ئایدیۆلۆجیست کاری لەسەر دەکات.

٢. دە سەڵاتی ڕابەری باڵا، کە لە چوارچێوەی تیۆری "**ویلایەتی ڕەهای فەقیه**"دا لەلایەن **خومەینی**یەوە تیۆریزە کراوە، بووە بە بنەمایەکی هزری و واقیعی کە ڕەوایەتی خودایی بە وەلی فەقیه بدات، لە سەروو هەموو دامەزراوە هەڵبژێردراوەکان هەژموونی بە سەر دارشتن و ئاراستەکردنی سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی ئێرانەوە هەبێت.

٣. بیرۆکەی ناردنەدەرەوەی شۆڕشی ئیسلامی کە خومەینی هێنایە ئاراوە، لە ڕوانگەی سیا سەتی ئاسایشی نەتەوەییەوە، یەکێکە لە بنەما هزرییەکانی ئایدیۆلۆجیای کۆماری ئیسلامی ئێران هەم بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دەوڵەتە ناموسڵمانەکانی وەک ئەمریکا، ڕوسیا و وڵاتانی ئەوروپا، هەمیش وەک بنەمایەک بۆ پاڵپشتیکردنی گەلان و بزوتنەوە ڕزگاریخوازە موسڵمانەکان لە تەواوی جیهاندا.

٤. ئامانج لە کردنی بیرۆکەی ناردنەدەرەوەی شۆڕشی ئیسلامی بە بنەمایەکی دە ستوری لە سیاسەتی ئێراندا، لە سەروو هەر بەرژەوەندییەکی ترەوە، بەدیهێنانی یەکێتی ئومەتی جیهانی ئیسلامییە.

٥. چەمکی هیلالی شیعی وەک پانتاییەک کە ڕەهەندەکانی ئایینزایی، جوگرافی، سیا سی، سەربازی و ئابوری لەخودەگرێت، بنەمایەکی گرنگە لە سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی ئێران لە ناوچەکەدا.

٦. لە دیدی ئاراستەی پراگماتیستی ئێراندا، پێویستە سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی لەسەر بنەمای مامەڵەیەکی یەکسان لەنێوان دوژمنان و دۆ ستەکانیدا پیادەبکرێت، سیا سەتێک لە پێناو بەرژەوەندییەکانی ئێراندا، ئەگەر پێویستی کرد لە هەندێک کاتدا ڕەگەزە جیۆپۆلەتیکییەکان بخاتە پێش بنەما ئایدیۆلۆجیاکان و لێیان دوور بکەوێتەوە.

٧. بەپێی تێڕوانینی پراگماتیستەکان، ئێران لە پێناو بەرژەوەندییەکانی لە دارشتن و پیادەکردنی سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی خۆیدا، نابێت پەیڕەوی لە ستراتیجی گۆشەگیری بکات، بەڵکۆ پێویستە لەگەڵ دەوڵەتە ناموسڵمانەکانی وەک ئەمریکا، ڕوسیا، ئەوروپا، چین و وڵاتانی تر لە سەر بنەمای گفتوگۆ و دانوستنان لە هاوکاری دابێت.

٨. ئاراستەی پراگماتیست، لەسەر بنەمای ئامادەیی ئەمریکا و وڵاتانی تر لە کەنداوی عەرەبی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ڕەهەندێکی نێودەوڵەتیان بە سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی ئێران داوە.

٩. بەگشتی لە ڕووی واقیعییەوە، سیا سەتی ئاسایشی نەتەوەیی ئێران لە دوای شۆڕشی ئیسلامییەوە، لەسەر بنەماکانی ستراتیجی کۆنترۆڵ و هاو سەنگی ناوخۆیی، نزیکبوونەوە لە هێزە هەرێمییەکان بە ئامانجی تێکشکانی گۆشەگیری نێودەوڵەتی و، ستراتیجی نواندنی نەرمی و توندی لەگەڵ ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپا لە یەک کاتدا بونیادنراوە.

# لیستی سەرچاوەکان

**یەکەم/ سەرچاوەی ئایینی و دەستور بە زمانی عەرەبی:**

١. القرآن الكريم

٢. دستور إيران الصادر عام ١٩٧٩ شاملا تعديلاته لغايه عام ١٩٨٩.

**دووەم/ فەرهەنگ بە زمانی کوردی:**

١. محمد حاجی زادە، فەرهەنگی ڕاڤەیی "ئیزم"ـەکان، و: سیروان مووساپوور، کتێبخانەی هەژاری موکریانی، ب.د.چ، تاران، ٢٠١٨.

**سێیەم/ فەرهەنگ بە زمانی ئینگلیزی:**

1. Merriam Webster's, Collegiate Dictionary, American Webster's incorporated, New York, 2003.

**چوارەم/ فەرهەنگ بە زمانی عەرەبی:**

١. ابراهيم مصطفى وآخرون، المعجم الوسيط، الجزء الأول والثاني، مجمع اللغة العربية، دار الدعوة، اسـتانبول، ١٩٨٩.

٢. ناظم عبدالواحد الجاسور، موسوعة المصطلحات السياسـية والفلسـفية والدوليـة، ط٢، دار النهضـة العربيـة، بيروت- لبنان، ٢٠١١.

**پێنجەم/ سەرچاوە کوردییەکان:**

**أ- کتێبی کوردی:**

١. پەروێز ڕەحیم، سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران، چاپخانەی موکریان، هەولێر، ٢٠١٤.

٢. دیـلان هەردی، ڕێژێمـی سیاسـی ئێـران لەنێـوان ئۆتۆریتـاریزم و تۆتالیتاریزمـدا، ب. د. چ، ب. چ، هەولێـر، ٢٠١٩.

٣. هەردی مەهدی میکە، ئێران نامە؛ سیستم، سیاسەت و کولتوور، دامەزراوەی درەو میدیا، چاپخانەی پانـدا، سلێمانی، ٢٠٢٢.

**ب- پەرتوکی بە کوردی کراو:**

١. جلیـل ڕەوشـەندل، ئاسایشی ـ نەتەوەیـی و سیسـتمی نێـونەتەوەیی، و: مێهـدی مێهـرپەروەر، چاپخـانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٠.

٢. عبدالرحمن بن خلدون، موقەدیمەی ئیبن خەلدون، ب١، و: سەعید بەشیر، خانەی چاپ و پەخشـی ڕێـنما، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، ٢٠١٦.

٣. عمر أحمد قدور، ئاسایشی نەتەوەیی وئاسایشدەوڵەت، و: ئازاد گراوی، چاپخانەی هاوسەر، هەلێر، ٢٠٠٩.

٤. عەلـی وەردی، لێکـۆڵینەوەیەک لە سۆسـیۆلۆجیای ئیسـلام، و: دانـا مەلا حەسـەن، ناوەنـدی بڵاوکـردنەوەی ئەندێشە، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی، ٢٠١٦.

٥. میشـێل فۆکـۆ، ئێرانییەکـان چـۆن بیـردەکەنەوە، و: هەژار مەجیـد، ناوەنـدی بڵاوکـردنەوەی ئەندێشـە، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی، ٢٠١٧.

**ت- توێژینەوە:**

١. ڕەزا خەلیلی و حامد میهرەبان ئینچەبرون، سیاسەتی شوناس: پەروەردە و فێرکردن و ئاسایشی نەتەوەیی لە ئێران، لە گۆڤاری وەرزنامەی ئێراناسی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، ژمارە (٤)ی تەموزی ٢٠٢٢.
٢. نامۆ خورشید، دروستکردنی بڕیار لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران دا، لە گۆڤاری دۆسیێ ئێران، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ژمارە (١٤)ی حوزەیرانی ٢٠٠٩.
٣. نامۆ خورشید، گرفتەکانی سیاسەتی دەرەکی ئێران، لە گۆڤاری دۆسیێ ئێران، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ژمارە (١٥)ی ئەیلولی ٢٠٠٩.
٤. هونەر شەهاب، پەیوەندییەکانی ئێران- سعودیە لەنێوان هەڵچوون و داچوون دا، لە گۆڤاری دۆسیێ ئێران، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ژمارە (١١-١٢)ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٨.
٥. وەحید کمالی ئیلامی، گوڤاری کەوانە، دەزگای کەوانە، سلێمانی، ژمارە (١٥) کانوونی دووەمی سالی ٢٠١٣.

**د- سەرچاوەی ئەلیکترۆنی:**

١. ئومێد عوسمان، شیعە و بنچینەی بیری شیعەگەری، لە سایتی مێژووی کورد، ٢٠١٧/١٠/١٥، بەردەستە لە:
http://www.historyofkurd.com/2017/10/15/مێژووی-شیعە-و-سەرەتای-فکری-)شیعەگەری-چۆ/
٢. تەحسین وسو عەبدوڵڵا، پراگماتیزم و دۆگماتیزم لە سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران، چاوی ورد، ٣٠ی کانوونی ٢٠٢٣، بەرواری سەردانیکردن (٢٠٢٤/٣/٢٧)، بەردەستە:
https://chawykurd.com/2023/01/30/پراگماتیزم-و-دۆگماتیزم-لە-سیاسەتی-دەر/

**شەشەم- سەرچاوە عەرەبیەکان:**

**أ- پەرتووکی عەرەبی:**

١. إسماعيل صبري مقلد، العلاقات السياسية الدولية: النظرية والواقع، المكتبة الأكاديمية شركة مساهمة مصرية، مصر-قاهرة، ٢٠١١.
٢. سهاد عبد الحسين الحسيناوي، الوعي السياسي وأثره في الأمن الوطني العراقي بعد العام ٢٠٠٣، الرافيدين، بيروت، ٢٠١٩.
٣. فوزي حسن الزبيدي، منهجية تقييم مخاطر الأمن القومي دراسة تحليلية لمنهجية تقييم مخاطر الأمن القومي، المدير الإداري لمركز المنظار للتدريب والدراسات الإستراتيجية، دبي، بلا سنة.
٤. محمد الصياد وسليمان الوادعي، اللاهوت السياسي الشيعي وأزمة الشرعية في أيران، المعهد الدولي للدراسات الإيرانية (رصانة)، مكتبة الملك فهد الوطنية أثناء النشر، الرياض، ١٤٤٣هـ.
٥. محمد ياسر الأيوبي، النظرية العامة للأمن نحو علم إجتماعي أمني، المؤسسة الحديث للكتاب، طرابلس، ٢٠٠٨.
٦. ياسر عبدالحسين، السياسة الخارجية الإيرانية- مستقبل السياسة في عهد الرئيس حسن روحاني، شركة المطبوعات للتوزيع والنشر ش.م.ل، بيروت، ٢٠١٥.

**ب- پەرتووکی بە عەرەبیکراو:**

١. روبرت ماكنمارا، جوهر الأمن ،ت: يونس شاهين، الهيئة المصرية العامة للتأليف والنشر،القاهرة، ١٩٧٠.

**ج- ماستەرنامە:**

١. صاحبي محمد الصالح، السياسات الأمنية للإتحاد الأوروبي إتجاه المنطقة المغاربية- الهجرة غير الشرعية

نموذجا، رسالة ماجستير منشور ب PDF، قسم العلوم السياسة- كلية الحقوق والعلوم السياسية- جامعة العربي بن مهيدي، البواقي، ٢٠١٦-٢٠١٧.
٢. عايشه سمان، الأبعاد الجيوستراتيجية للسياسة الخارجية الإيرانية و السعودية تجاه منطقة الشرق الأوسط اليمن أنموذجاً- ٢٠١١-١٠١٦، رسالة ماجستير منشور ب pdf، قسم العلوم السياسية و العلاقات الدولية- كلية الحقوق و العلوم السياسية- جامعة المسيلة، ٢٠١٦-٢٠١٧.
٣. عطا عبدالغني خميس الجزار، السياسة الإيرانية تجاه الثورات العربية ٢٠١١-٢٠١٣، رسالة ماجستير منشور بpdf، قسم الدبلوماسية والعلاقات الدولية- جامعة الأقصى، ٢٠١٥.
٤. محمد ذيب منصور، مفهوم الأمن القومي في ظل العولمة، رسالة ماجستير منشور بpdf، كلية الدراسات العليا، جامة بيرزيت، فلسطين، ٢٠١١.

**ت- توێژینەوە:**
١. سليمان عبدالله الحربى، مفهوم الأمن: مستوياته و صيغه تهديداته (دراسة نظرية في المفاهيم والأطر)، المجلة العربية للعلوم السياسية، مركز دراسات الوحدة العربية، ع (١٩)، بيروت، ٢٠٠٨.
٢. عادل عبد الهمزة ثجيل، الأمن القومي والأمن الإنساني دراسة المفاهيم، مركز الدراسات الإستراتيجية والدولية، مجلة العلوم السياسية،جامعة بغداد، بلا سنة.
٣. فراس إلياس، سياسة الأمن القومي الإيراني، ب.م. م، آراليك – توركيا، ٢٠١٨.
٤. ممدوح بريك محمد الجاري، النفوذ الإيراني في المنطقة العربية على ضوء التحولات في السياسة الأمريكية تجاه المنطقة ٢٠٠٣-٢٠١١، الأكاديميون للنشر و توزيع، عمان، ٢٠١٤.

**ج- ڕۆژنامە:**
١. جريدة الوسط، حسن روحاني يفوز بولاية رئاسية ثانية، العدد (٢٩٤٣)، ٢١ مايو ٢٠١٧.

**ح- سەرچاوەی ئەلیکترۆنی:**
١. كليم دندوش، الموقف الإقليمى (الإيراني والتركي) من الثورة السورية، مركز أمية للبحوث والدراسات، التاريخ الزيارة ٢/ ١٢/ ٢٠١٩، متاح على الرابط الآتي:
http://www.umayya.org/featured/1506 .
٢. مركز الأبحاث العقائدية، مقتطفات من موسوعة حياة المحقق الكركي وآثاره،تأريخ الزيارة (٢٠٢٣/٢/٦)، متاح على الرابط الاتي:
.https://www.aqaed.com/book/425./
٣. مصطفى اللباد، الصراع التركي- الإيراني على سورية والفراغ العربي، موقع بدايات، ٢٠١٣، تاريخ الزيارة ٢٠١٩/١١/٢٩، متاح على الرابط الآتي:
https://www.bidayatmag.com/node/213.
٤. ممدوح بريك محمد الجاري، النفوذ الإيراني في المنطقة العربية على ضوء التحولات في السياسة الأمريكية تجاه المنطقة ٢٠٠٣-٢٠١١، الأكاديميون للنشروالتوزيع، عمان، ٢٠١٤.